# بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی پێنجەم ژمارە(104) بەرواری 15–8–2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


**هەڵبژاردن لە عێراقدا، کە هیچ سیمایەکی دەوڵەتداری و حکومداری پێوە نییە، و سەربەخۆیەکی سیاسی و ئەمنی نییە، گاڵتەجارییەکی ئاشکرایە...**

## کارەساتی سروشتی و هاواری فاشیستی!

سوتانی دارستانەکان، و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاکان و وەڕیکەوتنی سێلاو بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە ساڵانە زیاد دەکات و قوربانی زیاتری لێدەکەوێتەوە. بێگومان ئەمانە کارەساتی سروشتن، بەڵام بێدەبەستی و نائامادەیی دەوڵەتەکان و سەرفنەکردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ رووبەڕووبونەوەی کارەساتە... سروشتیەکان، روداوی سروشتی نین و نیزامی چاوچنۆکی سەرمایەداری لێی بەرپرسیارە.



دیارە دەستکاریکردنی سروشت و جیناتی سروشتیش لەلایەن نیزامی سەرمایەداری و کۆمپانیاکان، بۆ دەستڕاگەیشتن بەسەرچاوەی سروشتی و کەڵک لێوەرگرتنی بۆ سودی سەرمایە هۆکارێکی ترە بۆ زیادبوونی روداوە سروشتیەکان و ئەویش دیسان نیزامی سەرمایەداری دەوڵەتەکان

بۆ لاپەڕە 3

### جمهوری ئیسلامی گوشارەکانی بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن زیاد دەکات

جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی کە تادێت لەکۆتایی مەرگی خۆی نزیک دەبێتەوە، لەلایەکەوە یەکێک لەسەرە گەورەکانی تیرۆر و جەلادی ئازادیخوازی دەکاتە سەرۆکی وڵات و لەلایەکی تریشەوە لەچوارچیوەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بزوتنەوەی کریکاری و جەماوەری بەشێوەیەکی دڵ رەقانە رەفتار دەکات. لەوەش زیاتر لەراستای ترس و تۆقاندنی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، هەم دەست بۆ... تیرۆری کادر و هەڵسوڕاوانی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان... دەبات و هەم گوشار دەخاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم تا هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێی کوردستانی عێراق ناچار بە رۆشتن بکات...




هەفتەی پیشوو کادرێکی رابەری حزبی دیموکراتی ئیران، لەکاتێکدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم!! لە مەراسیمی سویند خوارنی سەرۆکی

بۆ لاپەڕە 3


**دوو کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستدا...ل3**




### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* کرێکارانی کافەکانی "پرێت ئە مۆنژە" بڕیارە هەڵسن بە مانگرتن ..........ل4
*تیرۆر و ڕەشەکوژی ماهیەتی کۆماری ئیسلامییە..................................ل4
* رێکخراوبوون تاکە رێگەی کۆمەڵگەیەکی باشترە.................................ل6


**لە پەیوەند بە هەڵبژاردنی پێش وەختەی عێراق لە دۆسیەی ئەم ژمارەیەدا، هاوڕێ سامان کەریم لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا وەڵام بە پرسیارەکانی بۆپێشەوە دەداتەوە...ل10**



## وتەی ژمارە

### ئامانج لە هەڵبژاردنەکانی پێشوەختەی عێراق چییە؟

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

بەڵگە هێنانەوەیەک پێویست نییە، کە هەڵبژاردنەکان لەسەراسەری دنیادا، بۆ ئەوەیە کە سیستەمی ئابوری و چینایەتی و ستراکتۆری سەرمایەداری بپارێزێت و مەترسی شۆرش بۆ ئاڵوگۆڕیَ بنیادی دوربخاتەوە.



بۆرژوازی لەهەر جێگایەکی ئەم گۆی زەویە بێت، و شێوازی فەمانڕەوایی هەرچۆنێک بێت و سیستەمە سیاسیەکە هەر مۆرکێکی هەبێت" دیکتاتۆری یان دیموکراتی، سەربازی و پۆلیسی یان مەدەنی و ئیسلامی" هەر چوار ساڵیک دەست دەبەن بۆ هەڵبژاردن بۆ دوبارە نۆژەنکردنەوەی دەسەڵات و پەرلەمانەکەیان. ئاڵوگۆڕیک ئەگەر پێکبێت، جێ گۆڕکێی حزبەکان و گۆرانی ئەندامەکانی پەرلەمانەکانە. لەهیچ جیگایەکی ئەم گۆی زەویەش رووی نەداوە هەڵبژاردنەکان جگە لە ئاڵوگۆڕێکی زۆر روکەش، کارێکی تریان لەدەست هاتبێت.

گۆڕانی ریشەیی وگواستنەوەی دەسەڵات لە چینێکی کۆمەڵایەتی باڵادەستەوە بۆ چینی کرێکار و بێبەشان و توێژەکانی خوارەوە، لەپێشکەوترین وڵات و دەوڵەتی "نموزەجی دیموکراتییدا" هەرگیز لەرێگای هەڵبژاردنەکانەوە، مەیسەر نەبووە.

ئەمە ئەگەر بۆ وڵاتانی بەناو لانکەی دیموکراسی راستییەک بێت، کە هەڵبژاردنەکان ناتوانن ئاڵوگۆڕیکی بەرجەستەو دیار لە سیستەمی سیاسی و فەرمانرەواییدا پێک بهێنن، ئەوا بۆ وڵاتانی دواکەتوو، کە دەست و پەنجە لەگەڵ نائارامی سیاسی و ئەمنی، دەرگیر لەگەڵ شەر و دەستێوەدانی دەرەکیدا... نەرم دەکەن، هەڵبژاردنەکان لەگەمەیەکی شەرم ئاوەر زیاتر شتیکی تر نییە. وە هیچ هەڵبژاردنێک ناتوانێت بەشێوەی ئاسایی و بی ساختەکاری و بەبێ بارمتەگرتنی قوتی هاڵاتیان و بەبێ زۆری هێزی چەک و دەستێوردانی دەرەکی...

بۆ لاپەڕە 2


گۆشەی پرسی رۆژ...؟...ل5
پرسی ژن ل 7
گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

بەرێوەبچیت و ئاكامەكەشی پیش وەختە نەبڕابێتەوە. لە ولاّتێكدا ئازادی بەیان و چاپەمەنی و بیروڕا، ئازادی ریكخراوبوون و مانگرتن و خۆپیشاندان و لانی كەمی مافە فەردی و مەدەنیەكان" بەمانا بۆژوازیەكەی" بوونی نەبێت، باس كردن لە هەلّبژاردن، درۆیەكی هێندە شاخدارە كە تەنها دەتوانێت لە هەمبانە بۆرینەی بۆرژوازیدا دەست بكەوێت.

لە دلّی ئەو راستییە سەلماو ئەزموونكراوانەدا، دەسەلاّتی سیاسی لە عێراق، بۆ جارێكی تر خەریكی ئامادەكارین بۆ هەلّبژاردنی پێش وەختەی عێراق.

بەشێوەی گشتی هەلّبژاردن لە عێراقدا، كە هیچ سیمایەكی دەولّەتداری و حكومداری پێوە نییە، و سەربەخۆیەكی سیاسی و ئەمنی نییە، گالّتەجاریەكی ئاشكرایە. حزبە میلیشیا دابەش بووەكان بەسەر زۆن و هەرێمەكاندا لەسەر بنەمای قەومی، دینی و مەزهەبی و تایفی، لە رێگای زۆری چەك و دەستبەسەراگرتنی داهات و قوتی هاولاّتیان و بە خۆبەستنەوەی هەر لایەكیان بە دەولّەتێكی ناوچەیی و قوتبێكی جیهانیەوە، دەچنە ناو گەمەیەكی دەست ئاشكراوە، بۆ پاراستنی پێگەی پیشوویان و زۆرتركردنی قەلّەمڕەوی و سیاسی و ئەمنی و دەستگیر بوون لەسەرچاوەی زۆرتری داهات و تالاّنیدا.

هەلّبژاردنی پێش وەختە، كە بزوتنەوە سیاسی و كۆمەلاّیەتیە بۆژوازییەكانی عیراق ئامادەكاری بۆ دەكەن، لە بنەرەتدا بەدوای چەند ئامانجێكەوەن، تا لەڕیگایەوە رەوایەتی بە مانەوەی پێگە و بەشداری سیاسیان بدەن لە پرۆسیسی سیاسی عیراقدا.

یەكەمین هۆكار لە پێناو خۆهەلّواسینی لایەنە سیاسیەكانە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری كەدەسەلاّتی سیاسی ناچاركرد، حكومەت هەلّبوەشینێتەوەو هەلّبژاردنی پیش وەختەش بخاتە دەستورەوە، تا گوایە لەم راستایەدا وەلاّم بەخواستی خۆپیشاندەران بداتەوە كە خۆی لەزامنكردنی هەلی كار، دابینكردنی خزمەتگوزارییەكان، رادەستكردنی تۆمەتبارانی سەركوت و بكوژی خۆپیشاندەران بەدادگاو سزای گەندەلّكاران... دەبینێتەوە.

دووەم هۆكار بۆ ئەوەیە كە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری پاشەكشە پێبكات و ڕیگە بگرێت لەوەی پشكۆی تورەیی ژێر خۆلّەمیشی ئامادەی جەماوەری جارێكی تر بگەشێتەوە. بزوتنەوەیەك كەلەگەلّ ئەوەدا خامۆش دەبینرێت، بەلاّم هێزو توانایە شاراوەكەی هەمیشە ئامادەی دووبارە خۆدەرخستنەوەیەو هیچ هێزێك ناتوانێت ساحەی سیاسی عێراق بگێرێتەوە بۆ پێش خۆپیشاندانە جەماوەییە فراوانەكانی كۆتایی سالّی ٢٠١٩ كە زوربەی شارە سەرەكیەكانی عێراقی گرتبۆوەو كۆبونەوەی لە ناوەندی شارەكاندا كردبووە رەمزی راسانێكی حەقخوازانە لە كەشی گشتییدا...

سێهەم، هێزە بۆرژوازییەكانی عیراق، لەسەرو بەندی بڕیای كشانەوەی هیزە سەربازییە شەركەرەكانی عێراقدا، بەتایبەتیش رەوتە دژە ئەمریكاییەكان كە زۆرتر لە ژێر چەتری ئیراندا هەنگاو هەلّدەگرن دەیانەوێت، ئەوە نیشانی كۆمەلّگە و كۆمەلّگەی نێو دەولەتی بدەن، كە دەتوانن عێراق بێ حزوری سەرەكی و هیزی سەربازی ئەمریكا بەڕیوەببەن و پرۆسەی دیموكراسی!! دەست پێوەبگرن.

چوارەم، چ هیزو لایەنەكانی خەتی غەرب و ئەمریكا و چ هیزو لایەنە سیاسیەكانی سەر بەئێران، دەیانەوێت لەم هەلّبژاردنەدا رۆلّی ململانێی نیابەتی بۆ ئەمریكا و ئیران بگێرن و جارێكی تر ئاستی پیگەو رۆلّی خۆیان لە ئاستی عێراق و ناوچەكەو دنیا نمایش بكەنەوە. بەتایبەتیش هیزەكانی سەر بەئیران، پاشەكشەی هیزە سەربازییە شەركەرەكان لە عیراق و گواستنەوەی بنكەكانیان بۆ دەرەوەی سنوری عیراق و هەرێمی كوردستان، بەسەركەوتن و پیشرەوی دەزانن و دەیانەوێت لەم دۆخە تازەداو لەم هەلّبژاردنە پیش وەختەدا، پیش وەختە پێشرەوی بەسەر داگیركارییدا رابگەیەنن و لەم هەلّبژاردنە كارتۆنیەشدا جەماوەری دژە داگیركاری بكەنە زەخیرەو پشت و پەنای كۆكردنەوەی دەنگ.

هەلّبژاردنی پیش وەختە، بەهۆی گوشاری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە داسەپێنرا، بەلاّم ئەمە تەنها یەك هیلّ و ئاراستەی ناو خۆپیشاندانەكان بوو، لەراستای گۆرینی هاوسەنگی هێز و پاشەكشەكردن بەدەسەلاّتی سیاسی بۆرژوازی. هاوكاتیش لەلایەن رەوت گەلی سیاسی هاندەدران و دنە دەدرا تا لەلایەكەوە ئاستی خۆپیشاندانەكان و داخوازییەكان بەرینتر نەبێتەوەو پەل نەكیشێ بۆ شۆرشێكی بێ گەرانەوە كەسەرجەم بالّەكانی بزوتنەوە بۆرژوازییەكان بهارێت، لەلایەكی تریشەوە بۆ ئەوە بوو ئەو رەوتانە كەلّك لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری وەربگرن بۆ بەهیز بوون و راكیشانی پشتیوانی جەماوەریان.

هیلّ و ئاراستەكانی تر لەناو بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا، بەتایبەتیش بزوتنەوەی رامالّینی تەواوی دەسەلاّت، بەهیزترین ئاراستەی ناوخۆپیشاندانەكانی عیراق بوو...بزوتنەوەیەك كە دەیزانی وادەو بەلّینی دەسەلاّت، بەشوینێك ناگات و ئەوەشی لا ئاشكرا بوو، كەهەلّوەشاندنەوەی حكومەت و هەلّبژاردنی پیش وەختە، ناتوانێت وەلاّم بە داخوازییەكانیان بداتەوە و لەهەموشی گرنگتر خواستی دەستكۆتاكردنی ئیران و دەستی دەرەكی خواستیكی بەزەبریان بوو لەدەسەلاّتی نۆكەر پیشەی عیراق، بەلاّم بەوهۆیەوە ئەم رەوت و ئاراستە سیاسیە بیبەش لە رابەری سیاسی سەراسەر بوو... نەیتوانی وەكو پیویست هەنگاوەكانی داهاتووی دیاری بكات و نەخشەی سەركەوتنی گەورەو بەرین، زامن بكات، كۆرۆنا ڤایرۆسیش بووە كۆسپێكی گەورەی بەردەمی و بەناچاری خۆپیشاندان و نارەزایەتی شەقام رووی لە خامۆشی كرد.

دەسەلاّتی سیاسی و رەوتە سیاسیە كاریگەرەكان لە عیراقدا، بەجیا لە بەكارهێنانی هیزی چەكدار و رفاندن و تیرۆری رابەران، دۆخی كۆرۆنا ڤایرۆسیان قۆستەوە یان دەتوانین بلێین كۆرۆنا ڤایرۆس بۆیان بووە نیعمەتێك تا لەدەست راسانی برسیەكان بۆ نان و هەلی كار و خزمەتگوازرییەكان و سزادانی تۆمەتباران و تالاّنچی و گەندەلّكاران، دەستی دەرەكی رزگاریان بێت وعێراق بگوزاێتەوە بۆ ناو دەورەیەكی نویّ و لە شۆرش و كۆتایی هینان بەدەسەلاّتی رەشی میلیشیا نۆكەر پیشەكان.

ئێستا كە هەلومەرجەكە تا رادەیەك خامۆشتر لەكاتی خۆپیشاندانەكانە و هیزە سیاسیەكانییش پشویەكیان وەرگرتووە، دەیانەوێت بە وەرێخستنی هەلّبژاردنی پیش وەختە، لە ژیر چەتری زۆری چەك، ساختەكاری، بەلّین و بانگەشەی فریوكارانە، و دەستیوەردانی ئاشكرای دەرەكی، هەلومەرجی سیاسی عیراق بگیرنەوە بۆ بەر دەستپێكردنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەكانی كۆتایی سالّی ٢٠١٩ كە تەواوی دەسەلاّتی سیاسی و هیزە بۆرژوازییەكانی هێنابووە لەرزە.

جەماوەری نارازی عیراق و كوردستان... لە كۆتایی سالّی ٢٠١٩ وە تا ئیستا سەرباری ئەوەی حزبە دەسەلاّت بەدەستەكان دەیان و سەدان بەلّینیان بەجەماوەی راپەریو و خرۆشاودا و كەچی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی چینی كریكار و جەماوەری بیبەش بەرەوخراپتر چووە... بیكاری بەرینتر بۆتەوە هەلی كار لە ئاستی نەبوونیدایە، خزمەتگوازرییەكان وێرانتر بوون و نەخشەی فرۆشتنیان بە كەرتی تایبەتی هەرەشەیەكی واقییە لەسەر ژیان و گوزەرانی هاولاّتیان. دزی و گەندەلّی زۆرتر بووە تۆمەتبارانی بكوژ و سەركوتی خۆپیشاندەران دەستگیر نەكراون، نۆكەر پیشەیی و دەستێوەردانی دەرەكی دریژەی هەیە. لەژیر سایەی ئەم واقعیەتەدا ئەمجارە دەیانەوێت بە وەرێخستنی هەلّبژاردنی پیش وەختە، جەماوەری خەلّكی عێراق و كوردستان فریو بدەن و خۆیان لەدەست پرسی رامالّینی دەسەلاّتیان لەلایەن جەماوەری برسی و بێبەشكراوەوە، رزگار بكەن... بەلاّم ڕیگاچارە هەر شۆرش و شۆرشی لەخوارەوەی جەماوەرییە چ بۆ چاكسازی و باشتر بوونی ژیان و گوزەران و چ بۆ رامالّینی ئەم دەسەلاّتە و دامەزراندنی دەسەلاّتێكی پشت بەستوی جەماوەری لەجیگای دەسەلاّتی میلیشیا خۆشخزمەتەكان.

**ناوەراستی ئابی ٢٠٢١**

**وەرێخستنی هەلّبژاردنی پیش وەختە، لە ژێر چەتری زۆری چەك، ساختەكاری، بەلّێن و بانگەشەی فریوكارانە، و دەستێوەردانی ئاشكرای دەرەكی، بۆ گێرانەوەی هەلومەرجی سیاسی عیراقە بۆ بەر لەدەستپێكردنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەكانی كۆتایی سالّی ٢٠١٩ كە تەواوی دەسەلاّتی سیاسی و هێزە بۆرژوازییەكانی هێنابووە لەرزە...بەلاّم ئەمە لەتواناتا نییە.**

# درێژەی....جمهوری ئیسلامی گوشارەکانی بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن زیاد دەکات

جەلاددا، ئامادەبوو، لە پایتەختی دەسەڵاتی هەرێمی سەرۆکی حکومەتدا!! بەدەستی نۆکەرانی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی تیرۆر کرا...

هاوکات بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی!! ئیران عەلی سەمخانی لە کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق داوای دەرکردنی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێی عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە و بەئاشکرا رای گەیاندووە" کە هەرێمی کوردستان کراوەیە مۆڵگەی گروپە تیرۆریستەکانی بەرهەڵستکاری ئیرانی"... وتوشیەتی ناچارمان مەکەن خۆمان دەست بەهیرشکردنە سەریان بکەین...

جمهوری کۆنەپەرست و جەلادی ئازادیخوازی و نەیارانی، تا ئیستا زیاتر لە ٤٠٠ کادر و ئەندام و هەڵسوراوی نەیاری خۆی لەهیزە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا، لەژیر سایەی دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا تیرۆر کردووە، یان رفاندووە و دەیان جاریش لە ریگای فرۆکەوە هێرشی کردۆتە سەر بنکەو بارەگاکانیان، و بەردەوامیش لە ژێر ڕەحمەتی تۆپباران و کاتیۆشا باراند راگیراون. هاوکات ئەم ڕژێمە هارەی ئیسلامی سەرمایە دەیان بنکەو بارەگای لەژیر ناوی جیاجیادا کردۆتەوە و بەکردەوە عیراق و هەرێمی کوردستان بۆتە مەیدانی دەستێوەردانی ئاشکرای دەسەڵاتی ئاخوندەکان و باندە ئینسان کوژەکانیان، کەچی لەجێگای ئەوەی بڵێت ئیمە عیراق و هەریمی کوردستانمان کردۆتە مۆڵگەی کردەوە تیرۆریستەیەکانمان و هیزەکانی دەسەڵات بەدەستی عیراق و هەریمیش دریغیان لە هاوکاری کردنمان نەکردووە، دەڵین هەرێم بۆتە مۆڵگەی گروپە تیرۆریستیەکان.

لەوەش زیاتر داوای دەرکردنی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەکات... ئەو هیزانەی بەکردەوەو لە زمانی خۆیانەوە مل کەچی بریاری دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیین و وەکو خۆیان دەڵێن، هەلومەرجی سیاسی کوردستان درک دەکەن و چالاکی سەربازیان راگرتووە.

دەستێوەردان و هیرش و ملهوری جمهوری ئیسلامی ئیران لە تەواوی ناوچەکەو بەدیاریکراوی لە عیراق و هەرێمی کوردستاندا، بۆتە بەڵایەکی گەورەو بەسەر کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانەوە... هیرش و هەرەشەکانی جمهوری ئیسلامی ترسە لە



ئایندەی دەسەڵاتی رەشیان، کە بەکردەوە کەوتۆتە بەردەم خەباتی چینی کریکار و جەماوەری زوڵم لێکراوەوە.

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی نیشتەجێ لە ئۆدوگاکانی هەرێمدا، بی ترسن و ترسی سەرەکی لەسەر دەسەڵاتی ئیران، جوڵانەوەی کریکاری و خەباتی شارییە لەناو جەرگەی ئیراندا. ئاخوندەکانی ئیران دەیانەوێت بە هیرش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، باڵادەستی خۆیان بەسەر عیراق و کوردستاندا دریژە پێبدەن و جوڵانەوەی روولەپیشی بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری ئاوێزانی رۆڵی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ئۆردوگا نشینە بکەن کەبەشی زۆیان چاویان لە بەشداری دەسەڵاتی ئاخوندەکانە...

لەهەموو حاڵەتیکدا هیرش و پەلامار بۆ سەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی کردەوەیەکی تەواو تیرۆریستیە و هاوکاری دەسەڵاتی سیاسی هەرێمیش چ بۆ هیرش بۆسەر هیزە بەرهەڵستکارەکانی ئیران و چ بۆ ناچارکردنیان کە کوردستان بەجێ بهێڵن، هاوکاری کردنی کردەوەی تیرۆریستی جمهوری ئیسلامییە.

ئەوەی دەبێ لە کوردستان بارگەو بنەی بپێچێتەوە و وەدەربنرێت، بنکەو بارەگا جاسوسیەکانی دەوڵەتی ئیران و باندە رەنگاو رەنگە تیرۆریستیەکانیانن، نەک هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان.

# درێژەی...کارەساتی سروشتی و هاوارێ فاشیستی!

لێی بەرپرسن... بەکورتی پیسبوونی ژینگە، کارەساتە سروشتیەکان، بونەتە سەرباری دەیان و سەدان موسیبەتی تر کە یەخەگیری کۆمەڵگەی بەشەری بوونەتەوە و نائامادەیی دەوڵەتەکانیش بۆ رووبەڕووبونەوەی رادەو ئاستی قوربانیانی ئەم کارەساتانەی زیاتر کردووە.

پاراستن و بەرگریکردن لە پیس بوونی ژینگە و بەرپرسیاریێتی نیشاندان بۆ پاراستنی دارستانەکان و سەرچاوەکانی ئاو گرتنە بەرێ ریکاری تەندروست بۆ بەرگرتن بە کەوتنەوەی ئاگر، هاوکات ئەرکی هەر ئینسانێکی بەدەربەستە کە خۆشەویستی سروشت و دیمە جوانەکانیەتی.

سروشت و دارستانەکان، شاخ و بەرزایی و دەریا و دەریاچەکان، ئەگەر لەلایەن وڵاتانی دنیاوە خاوەنداریێتیان دەکرێت و وەکو سەرچاوەیەکی گەورەی وزە و هینانی داهات بەکار دەبرێن و تیکەڵ بە پرۆسیسی کەڵەکەی سەرمایە کراون، بەڵام ئەوە هیچ لەو راستیە کەم ناکاتەوە، کە ئینسانەکان، بەتایبەتیش جەماوەری هەژار و کەم دەرامەت قوربانی یەکەمی ئەو رووداو کارەساتانەن.

دڵخۆش بوون بە شەپۆلی بڵاوبونەوەی سوتانی دارستانەکان، یان خەندە هاتن بە سیڵاوی دەریاکان، تەنها بەو هۆیەوە لە وڵاتێکدا روودەدات کە دەسەڵاتەکەی فاشیست و دیکتاتۆرە، هیچ لە درندەیی ئەو رژێم و دەسەڵاتە کەم ناکاتەوە، وە قوربانی ئەم روداوانەش هەر ئەو جەماوەرە برسیکراو بێبەشەن کە ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆر و فاشیستانە لێی بەرپرسیارن... بەهاناوەچوونی قوربانی ئەو روداوە سروشتیانە، هەوڵدان بۆ ریگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەرکێکی تەواو ئینسانییە... دڵخۆش بوون بەوەی لافاو گەرەکی قەراغ دەریاکان رادەماڵێت و ژیان لە دانیشتوانی دەشیوێنی و قوربانی دەبنە ئاوارەیی دەستی شەپۆلی ئاو، یان گری سوتانی دارستانەکان بەسەدان دۆنم دارستان سوتماک دەکات و قوربانی لێ دەکەوێتەوە، دیدێکی تەواو داماڵراو لە هەست و سروشتی سادەی ئینسانە و فاشیزمێکی ئاشکرایە، کە کاریگەریەکەی لە سیڵاوی دەریاکان و گڕی دارستانەکان، کەمتر نییە.

هەلهەلە کیشان بۆ سوتانی دارستانەکانی تورکیا، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی تورکیا، دەوڵەتێکی دیکتاتۆ و فاشیستیە، خستنەرووی دیوی دیوەمی فاشیزم" ناسیونالیزمە" کە خۆی سەرچاوەی پێگرتنی فاشیزمی دەسەڵاتی تورکیاشە. دارستانەکان موڵکی هیچ دەسەڵاتێکی دیاریکراو نین، موڵکی گشتین و سەرچاوەیەکیشین بۆ پاککراگرتنی ژینگە کەهەموو هاوڵاتیەک چ نزیکی بیت یان دور لێی بەهرەمەند دەبێت... کاریگەری تیکچوونی ژینگە، سوتانی دارستانەکان و رمانی شاخ و بەرزاییەکان، کاریگەری لەسەر کۆی ئینسانی گۆی زەوی هەیە... دیارە ئەوانەی دڵخۆشن بە گڕ گرتنی دارستانەکان، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و هاوکاتیش نیشانەی ئەو پەری ناهۆشیاریانە بەرامبەر بە ژینگەو سروشت...

جەماوەری سروشت پەروەر لەهەر جێگایەکی ئەم دنیایە بن، پێویستە هاوکاری پاک راگرتنی سروشت و هاوکاتیش هیزی گوشار بن لەسەر دەسەڵات و کۆمپانیا چاوچنۆکەکان، کە ئامادەیی تەواو بۆ پاراستنی ژینگە لە ئەستۆ بگرن و توانایی کۆنترۆڵ کردنی روداوە سروشتیەکان بگرنە ئەستۆ.

- **هێرش و پەلامار بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کردەوەیەکی تەواو تیرۆریستیە و هاوکاری دەسەڵاتی سیاسی هەرێمیش چ بۆ هێرش بۆسەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێران و چ بۆ ناچارکردنیان کە کوردستان بەجێ بهێڵن، هاوکاریکردنی کردەوەی تیرۆریستی جمهوری ئیسلامییە...**
- **ئەوەی دەبێ لە کوردستان بارگەو بنەی بپێچێتەوەو وەدەربنرێت، بنکەو بارەگا جاسوسیەکانی دەوڵەتی ئیران و باندە رەنگاو رەنگە تیرۆریستیەکانیانن، نەك هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان...**

## دوو کرێکار بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەستدا

بەرواری ٢٨ی تەموز کریکاریک بەناوی "نەوازد ئەداک" کە لە کوردستانی ئیرانەوە بۆ کرێکاریی رووی لە کوردستانی عێراق کردبوو، لە شارۆچکەی تەوێڵەی سەر بەپاریزگای هەڵەبجە بەهۆی کەوتنەخوارەوەی لەبەرزاییەکەوە لەکاتی کارکردندا گیانی لەدەستدا.

بەرواری ٢٣ی تەموز کریکاریکی تر بەناوی" عومران ئەداک" بەهەمان شیوەو بەهۆی کەوتنەخوارەوەی لەبەرزایەکدا لەکاتی کارکردندا گیانی لەدەستدا...

# کرێکارانی کافەکانی "پرێت ئە مۆنژە" بڕیارە هەڵسن بە مانگرتن لەمانگی داهاتوودا

**نووسینی: سالار حەمەسەعید**

کرێکارانی "پرێت ئە مۆنژە" دەیانەوێ مانگرتنێک ڕێکبخەن پاش ئەوەی کە پێیان وترا کە لەهەقدەستەکانیان دەبڕن بەشێوەیەکی هەمیشەیی, سەرەرای هیوربوونەوەی ڕێکارە توندوتۆڵەکان وە پاش ئەوەی بەشێوەیەکی کاتی ئەو




بڕینانە ڕاگەیەنرابوو. یەکێک لە کرێکاران دەڵێت هەروەک چۆن مووچە و هەقدەستەکان بەرەوخراپتر چوون هەرئاواش کارکردن سەخت و دژوار بووە بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم زنجیرە کافەیە دەستی داوەتە سیاسەتێک بۆ ڕاکێشانی کڕیار و مشتەری و ئۆفەری ڕاگەیاندوە کە بەرامبەر ٢٠ پاوەند کڕیار بتوانی هەموو ڕۆژێک پێنج قاوە بخواتەوە کە بەمەش کرێکاران زەرەرمەند دەبن تیایدا .


زۆربەی کرێکارانی ئەو کافانە کەمترین ڕادەی پارەیان پێدەدرێ کە ٨,٩١ پاوەندە لە سەعاتێکدا. لەکاتێکدا لە مانگی تەمووزی ساڵی ڕابردوو پێیان وتراوە کە بەشێوەیەکی کاتی پارەی پشوو و بەخششی خزمەتگوزاریان پێنادرێ. ئێستا پێیان دەڵێن کە ئەو لێبڕینانە بۆهەمیشەییە. سەبارەت بە بەخشش و خەڵاتی خزمەتگوزاریەکانیش بە ٥٠ پنس دانراوە بۆ هەرسەعاتێک ئەویش کە پێش پەتای کۆرۆناکە یەک پاوەند بووە ئێستا دابەزیوە بۆ نیو پاوەند لەسەعاتێکدا. کرێکاران پێیان وتراوە کە گۆڕانکاریەکان بۆ هەمیشەن .

یەکێک لە کرێکاران ڕایگەیاند کە مانگی داهاتوو مانگرتنێک ڕێکدەخەن لەبەرئەوەی وەزعی هەقدەستی کرێکاران هەر بەرەوخراپی دەچێت و بارورەوشیان سەختتر دەبێ لەگەڵ لەسەدا ١١ ی بڕین هەقدەستی کرێکاران لەبەراورد بە ئاستی هەقدەستی پێش پەتای کۆرۆنا. بەو ئۆفەرەی کە داویانە بە کڕیارەکان کاری زیاترو زەحمەتی زیاتر و ئەزیەتی زیاترمان دەدرێ. ئەمە لەکاتێکدا وەزعی کارکردنمان بەرەو دواوە چووە.

بەڕێوبەرانی "پڕێت" دەڵێن ئێمە هەردەبێ هەقدەستەکانیان کەمبکەینەوە، چونکە ئەم پەتای کۆرۆنایە کاریگەری زۆر گەورەی لەسەرداناوین. ئیتر ئەمە لۆژیک و زمانی بۆرژوازیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و هێنانەخوارەوەی هەقدەستەکان باشترین ڕێگەچارەی بەرزراگرتنی ئاستی قازانج وسەرمایەیانە .

ئەم زنجیرە کافەیە تەنها لەبەریتانیا ٧٤ بەشی لە کافەکان داخستوە و٢٢ لە ئەمریکا داخراوە. یەکیەتیە کریکاریەکانی کرێکارانی هاوپەیمانی و خواردەمەنی و نانەوایی داوا لە بەریوبەرانی زنجیرە کافەکانی پریێت دەکەن کە بەسەر بڕیارەکانیاندا بچنەوە و دووبارە بیربکەنەوە و دەڵێن ناتوانین چیدی دانیشین و ڕێگە بەمە بدەین. سەرمایەداران تەنها لەیەک گۆشەوە دەڕواننە کێشەو قەیرانەکانیان وە تەنها چارەسەر لای بۆرژوازی کەمکردنەوەی هەقدەست یا بێکارکردنی کرێکارانە کە ڕاپەڕێنەری کارەکانی ئەم زنجیرە کافەو قاوەخانانەیە. بۆ ئەوەی قازانجەکەیان مسۆگەربێت و لە قازانجی ساڵانەیان کەم نەبێتەوە دەست دەدەنە بڕینی ئەو مووچە و هەقدەستانە یا زیادکردنی کارو توندکردنەوەی ڕەوشی کاری کرێکاران..

# تیرۆر و ڕەشەکوژی ماهیەتی کۆماری ئیسلامییە



**هەتاو عەبدوڵاهی**


کۆماری ئیسلامی کە ڕواڵەتی دزێوی لەسەر تیرۆر و ڕەشەکوژی داندراوە هەر لە سەرەتای خۆسەپاندنی تا بە هەنووکە لە هیچ جینایەت و تاوانێک بە دژی خەڵکی ئێران بە تایبەتی ئازادیخوازان و جیابیران سڵی نەکردووە. یەک ڕۆژ دوای هاتنە سەرکاری رەئیسی جینایەتکار و ڕاگەیاندنی دەولەتەکەی، کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی تێرۆریستی دا لە هەرێمی کوردستان موسا باباخانی یەکێک لە کادرە پایەبەرزەکانی حیزبی دیموکرات کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە بوو تێرۆر کرد. موسا باباخانی کەسێکی نیزامی کار و هەروەها دەست بەقەڵەم و ڕاگەیاندکار بوو کە ڕۆڵی گرینگی لە خەبات و ڕێکخستن لە کرماشان وناوچەکانی ئەو دەڤەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی کە ساڵەها پیلانی سڕینەوەی موسا باباخانی لەبەر دەست بوو بە هاوئاهەنگی لە گەڵ چەند بەرپرس و دەزگای زانیاری حیزبەکانی باشوری کوردستان و بە چاوساخی دەست وپەیوەندیەکانی موسا باباخانیان تێرۆر کرد. کۆماری ئیسلامی کە ساڵەهایە مەشروعیەتی لە لایەن خەڵکەوە لە دەستداوە خەڵک هیچ بڕوایان بەو ڕژیمە و دەسەلاتە خوێنڕێژەکەی نییە دەستی داوەتە هەموو تاوانێک بە دژی خەڵکی ئازادیخواز. ڕەشبگیری لە کوردستان وەک دەیەی شەستی هەتاوی دەستی پێ کردووە و ڕۆژانە خەڵکی ئەو ناوچانە لە چالاکانی مەدەنیەوە بگرە تا چالاکی کریکاری و ژنان و هتد...دەست بەسەر و ڕاپێچی سیاچاڵەکان دەکرێن، کۆماری ئیسلامی بە خەیاڵی خاوی دەتوانێ بەو سیاسەتە کە ماهیەتی دەسەڵاتەکەیەتی فەزایەکی ترس و تۆقاندن دروست بکات و خەڵک چاوترسێن بکات، بەڵام خەڵکی ئازادیخواز ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێداگرترن بۆ لە ناوبردنی حاکمیەتی ئێران و باش دەزانن کە بناغەی هەموو ئازار و نەهامەتیەکانیان ئەو دەسەڵاتەیە. بە شایەتی مێژوو خومەینی خوێنڕێژ زۆر زوو سیمای جینایەتکاری خۆی و دەوڵەتە خوێنرێژەکەی نیشان دا و دەستی کرد بە کوشتن و زیندانی کەسانی دژبەری دەسەڵاتە تاوانبار و مەزهەبیەکەی، کە دەتوانین ئاماژە بە تاوانەکانی دەیەی شەستی هەتاوی بکەین کە هەیئەتی مەرگ بە سەرۆکایەتی خومەینی جەلاد بەڕێوەی برد. هەیئەتی مەرگ بە سەرۆکایەتی خومەینی و خەلخاڵی جینایەتکار بەسەدان مرۆڤی ئازادیخواز و جیابیری بە تایبەت لە بەرەی چەپ و کومونیستەکان کە ڕۆڵی گرینگیان لە ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی هەبوو لەناو برد. دوای ماوەیەکی کەم کە خەڵکی کوردستان نایان بە دیکتاتۆری جەلادەکەی جەماران و دەسەڵاتە تێرۆریستەکەی وت خومەینی فتوای جیهادی بە دژی کوردستان دەرکرد و ڕەشبگیری و تێرۆر و زیندان لەو ناوچانە دەستی پێکرد. خومەینی تەنانەت فتوای شەری دژی کوردستان دەرکرد و بە سوپا تاوانبار و جینایەتکەی راگەیاند: تا کاتێک کوردستان تەفروتونا نەکەن پۆستالەکانتان دامەنێن و مەگەڕێنەوە و شەڕێکی سێ مانگە لە لایەن سپاسی جەهل وخوڕافە بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپا کە بە خۆڕاگری خەڵک و شکستی خومەینی کۆتایی پێهات. لەو کاتەوە تا بە هەنووکە کۆماری ئیسلامی بە بڤەوە سەیری ئەو ناوچانە دەکات و ناهێڵی هیچ هەلێکی کاری لەبار و بوژانەوەیەکی ئابووری بە خۆیەوە ببینێ.. کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە ناوخۆ تیرۆر و رەشبگیری دەست پێکرد، بەڵکوو دەستی دایە تێرۆری ئازادیخوازان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی تەنانەت بە ڕوهەڵماڵڕاوەیی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایش لە ژێر ناوی جینایەتی موقەدەس ژمارەیەک زۆر لە بەرپرسانی ئۆپۆزیسیۆن کە پێگەیان لە ناو بزوتنەوە و خەڵک هەبوو تیرۆر کرد کە لە ناویان دا ڕیبەرانی دیاری کورد وەکوو کاک سدیق کەمانگەر، غولامی کیشاوەرز، دکتور عەبدولڕەحمانی قاسمووو دوکتور شەرەفکەندی دەبیندران. سەرەڕای بەڵگەی زۆر و ئاشکرا کۆماری ئیسلامی قەت دانی بە تاوانەکانی نەک دانەنا، بەڵکوو ئەو تێرۆرانە تا بە هەنووکەش هەربەردەوامە. هەروەک ئاگادارین لەم دواییانە شانۆی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران بەڕێوە چوو و رەئیسی وەک پێشبینی دەکرا وەک سەرۆک کۆماری ڕژیم لە لایەن خودی خامنەیی و لایەنگرە توندرەوەکانی وەک کەسی یەکەمی ڕژیم لەو پۆستە دیاری کرا. ئیبراهیم رەئیسی یەکێک لە مۆرە مەترسیدارەکانی ڕژیمە کە ساڵەها دەستی بە خوێنی سەدان ڕۆڵەی ئەو وڵاتە سوورە و لە ئیعدام و کوشتن و زیندان و ئەشکەنجەی جیابیران ڕۆڵی نەرێنی بووە و ئێستا ئەو جینایەتکارە سەرۆک کۆماری ڕژیمی کۆماری ئیسلامیە کە کارنامەیەکی ڕەشی لە ماوەی ساڵانی خۆش خزمەتی بە کۆماری تێرۆر وتاوان بۆخۆی خولقاندووە. ڕژیم بە تایبەتیی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و خەڵکی ئازادیخواز و وەزاڵەهاتوی ئێران بەردەوام لە هەر هەلێک بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەو دەسەلاتە کەڵکیان وەرگرتووە و ساڵەهای ساڵە دروشمی نەمانی کۆماری ئیسلامی و مەرگ و نەمان بۆ خامنەیی خوێنڕێژ دەڵێنەوە. ڕێک دوای هاتنە سەر کاری رەئیسی و بەڕیوەچوونی شانۆی بە ناو هەڵبژاردن کە بە وتەی خودی سەرانی دەوڵەت بەشداری خەڵک لەو شانۆیە لە هەموو سالانی رابردوو کەمتر بووە، خەڵکی وەزاڵەهاتوو کە چیتر فریوی ئەو دەسەلاتە ناخۆن و هیوایان بە هیچ کام لە باڵەکانی ڕژیم نەماوە ڕژانە سەرشەقام و نا بۆ کۆماری ئیسلامی و ڕوخانی ئەو دەسەلاتە دروشمی سەرەکیان بوو. ماوەی زیاتر لە دوو مانگە نارەزایەتی و مانگرتنی بە شکۆی کرێکاران لە کارخانە و شەریکەکان بەردەوامە و ڕۆژ بە ڕۆژ هاوچینەکانیان پێان پەیوەست دەبن و کۆماری ئیسلامیان بە چۆک دا هێناوە. لەناو ئەو گشتە قەیرانە کۆماری ئیسلامی کە دەسەڵاتەکەی لەسەر کوشتن و بڕین و تێرۆر دامەزراوە بۆ ئەوە خۆپێشاندانەکان بەرەو ئاقارێکی دیکە بەرێ لە شاری نەغەدە کە دانیشتوانی کورد و تورکن و ساڵەهایە بە خۆشی بە یەکەوە دەژین، لە پیلانێکی لە پێشدا دارێژراو دا دووبەرەکی ناوەتەوەو بە داخەوە کەسانی دەمارگرژ و فاشیستیش کە قوربانی ئەو دەسەلاتەن پەرە بەو دوبەرەکی وئاژاوەیە دەدەن. هاتنە سەرکاری رەئیسی و دەست نیشانکردنی لە لایەن خامنەیی وەک کەسی یەکەمی ئەو دەسەلاتە پەیامێکی پێ بوو، ئەویش نیشاندانی ماهیەتی دزێو و تاوانباری کۆماری ئیسلامیە بەرامبەر دنیای دەرەوە و ئازادیخوازان کە ڕژیمی ئێران بێ گوێدان بە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان پەرە بە کوشتن وبڕین دەدات. خەڵکی ئێران دەبێ باش بزانن تا کاتێک کۆماری ئیسلامی بەو کارنامە ڕەش و پڕ لە تاوانەی لەسەر کاربێ نەهامەتی، هێڵی هەژاری، دیاردە کۆمەلایەتیەکان، کوشتن و قەتلە ناموسیەکان، دوبەرەکی وئێعدام و زیندان و ڕەشبگیری و تێرۆری جیابیران و ئازادیخوازان کۆتایی نایەت و تەنیا ڕیگەچارەی نەمانی هەموو ئەو نەهامەتیانە شۆڕشێکی سەرتاسەری بۆ روخانی یەکجارەکی کۆماری ئیسلامییە.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# لەم ژمارەیدا موزەفەر عەبدوڵا لە وەڵام بەپرسی ڕۆژدا...

## پرسی ڕۆژ

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە هاوڕێ ئاراس ڕەشید/ هاوکاری سەرنووسەر ئامادەی دەکات... لەهەر ژمارەیەکدا کەسایەتیەک لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە خستنە ڕووی پرسیارێک بەسەر دەکاتەوە...**



**پرسی ڕۆژ... سەردانی سەرانی حکومەتی هەرێم بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی ئیبراهیم ڕەئیستی؛ سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی کۆماری ئیسلامی ئێران، و تیرۆری موسا باباخانی، چ پەیامێکی لەپشتە بۆ حکومەتی ئێران و بۆ خەڵکی کرێکاروزەحمەتکێشی تورەوناڕازای لە کۆماری ئیسلامی، هەروەها بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان؟**

**موزەفەرعەبدوڵا:** بەر لەهەر قسەیەک وەک وەڵام بۆ ناوەڕۆکی پرسیارەکەتان؛ پێویستە ئاماژە بە ڕاستییەکی سیاسی مێژوویی بکەین بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی وەڵامەکەمان. ئەو ڕاستییە سیاسی و مێژووییەش ئەوەیە کە لەوەتەی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی لە ئێران بە هێزی سەرکوت و سێدارەو تیرۆرو کوشت و کوشتار دەسەڵاتی ڕەهای خۆی سەپاندوە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە پارتی پەیوەندی قوڵی لەگەڵ ئەو ڕژێمە هەیە. ئەم پەیوەندیەش تا ئەو ڕادەیەیە کە دەتوانین بڵێین ئەوە پەیوەندی نێوان هێزێکی سیاسی دەرەوەی دەوڵەتێک نییە، بەڵکو ئەوە هێزو دەزگایەکی سەرکوتگەرو داپڵۆسێنەرو جاسوسی خودی ئەم ڕژێمەیە. باشترین بەڵگەش بۆ پاساودانی ئەم ڕاستییە ئەو دەورانە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ناوی قیادە موقەتەیان لە خۆیان نابوو. ئەوکات ببوونە بەشێک لە دەزگای چەکداری پاسدارو حەرەس خومەینی لە هێرشی درندانەیان بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی ئێران بە گشتی و کوردستانی ئێرانی ئێرانیش بەتایبەت.

زانینی ئەم ڕاستییە بەر لەخەڵکی کوردستانی عێراق، خەڵکی کوردستانی ئێران و لایەنە ئۆپۆزیسیونەکانیان، بە تایبەتی خودی حزبی دیموکرات، باشتر دەزانێت کە چۆن لەگەڵ سوپای پاسداران کەوتنە گیانی خەڵکی ڕاپەریوی دژی ڕژێمی ئیسلامی، و سەدانیان لێ دەکوشتن، یاخود بە دیل دەیانگرتن و ڕادەستی ڕژێمیان دەکردنەوە.

جا لە ماوەی ئەم چوار دەیەیە دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی ئەم پەیوەندییە، یان بڵێن، ئەم پێش لەشکریەی پارتی بۆ ئێران هەر هەبووە، ئەگەر چی هەندێک جار ڕەنگە دور کەوتنەوەیەک هەبوبێت.

بەڵام بەهۆی توندبوونەوەی کێشەو ململانێی سیاسی و سەربازی و هەڕەشە و گورەشەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ هێرش و شەڕ لەگەڵ ڕژێمی ئێران، بە تایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ۲۰۰۳، و بوونی عێراق بە گۆرەپانی شەڕ و ململانێیی نێوان ئەو دووبەرە زلهێزە جیهانی و ناوچەییە، ئیتر پارتی نەیتوانیوە هەموو کات هێز و هاوسەنگی نێوانیان ڕاگرێت، جارجار تەرازوی هێزی بەلای ئەمریکادا شکاندۆتەوە. جا ئەمەش ڕژێمی ئیسلامی نیگەران کردووەو وای کردەوە لە بەرامبەر پارتیدا زیاتر دەست لەملی یەکێتی بکات کەنەیاری پارتی یە.

هەڵبەت نابێت ئەوەش لەبیربکەین کە لەپاڵ ئەم جۆرە لە پەیوەندی، یان بڵێین بەکرێگیراوی هەردووو باڵی بزووتنەوەی کوردایەتی (یەکێتی و پارتی) بۆ ئێران، هاوکات ئێران پەیوەندی باشی ئابوری لەگەڵیان هەیە و هەردووو لاش سودمەند بوونە لەم پەیوەندییە، بە تایبەتی بەهۆی ئابڵوقەی ئابوری ئەمریکا بۆ سەر ئێران.

ئێستاش کە ئەمریکا دوای بیست ساڵ لەشەڕو داگیرکاری ئەفغانستان شکستی هێناوە لەبەرامبەر تاڵیبان و بە ئاشکرا هەڕەشەی لە دەسەڵاتدارانی کوردستان و عێراقیش کردووە؛ کە ئەگەر نەخشە و پیلانەکانی ئەمریکا بە تەواوی جیبەجێ نەکەن؟ ئەوە وەک ئەفغانستان سوپاکەی دەکێشێتەوە و دور نییە لە پشتەوە ڕێکەوتنێک لەگەڵ داعش یان هەر هێزێکی تیرۆریستی تری وەک تالیبان بکات و بەریان داتە گیانی ئەم دەسەڵاتانە و خەڵکی ئەم وڵاتانە.

بە کورتی ئەتوانین هەموو ئەم ڕووداوە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیانە وەک پێشمەرجی ئاڵوگۆڕو وەرچەرخان ناو بەرین. دیارە ئەمە سەرەڕای ڕقو تورەیی و بێزاری و نارەزایەتی تا ڕادەی چوونە بەر دەرگای ڕاپەڕینی جەماوەری لە چەند ساڵی ڕابردوو لە هەردوو دەسەڵاتی بەغداو هەولێر.

ئا لەم باردۆخەی ڕابردوو و ئێستادا پارتی و نێچیروان بارزانی بەناوی شاندی حکومەتی هەرێمەوە بۆ پیرۆزکردنی ڕێورەسمی ئیبراهیم ڕەئیسی بە سەرۆک کۆماری ئێران دەیانەوێت پەیوەندیەکانیان وەک قوناغی چل ساڵ لەمەوبەرتوند کەنەوە. بە کورتی یانی ببنەوە بە بەشێک لە دەزگای پاسداران و سوپای ئێران.

لەبیرمان نەچێت هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە خودی ڕژێمی ئێرانیش لەسەر بورکانی ڕق و تورەیی و نارەزایەتی هەمەلایەنەی خەڵکی ستەمدیدەی ئێران وەستاوە، و دوور نییە لە داهاتووی نزیکداو لە یەک ڕاپەڕینی جەماوەریدا بیروخێنن.

هەڵبەت یەکێک لە ئامانجەکانی ڕژێمی ئیسلامی بۆ توندکردنەوەی ئەم پەیوەندییە، مەسەلەی بوونی حزبە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانیەکانە بە تایبەتی کوردستانی ئێران. ئەو حزبانەی کە بنکە و بارەگای چەکداریان هەیە لەوانە حزبە دیموکراتەکان و کۆمەڵەییەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدان و هاوکاریشیان دەکەن.

ئەوەش ئاشکرایە لەم چەند ساڵەدا هەردوو حزبی دیموکراتەکان جارجار کەڵکیان لە ساردی پەیوەندی نێوان پارتی و ئێران وەرگرتووە دەستیان زیاتر تێکەڵ کردووە لەگەڵ ئەمریکا و ڕژێمە نەیارەکانی ئێران لە ناوچەکە وەک سعودیە، و بە هاوکاریان خۆیان گەیاندۆتە ناو خاکی ئێران و تەق و توقێکیان کردووە، ئەمەش ڕژێمی ئێرانی نیگەران کردووە.

وە ئەم مەسەلەیەش لە گفتوگۆکانی نێوان شاندی هەرێم و سەرانی ڕژێمی ئیسلامی باس کراوە و ئەگەری زۆر هەیە لەسەر ئەم پرسانە جۆرێک ڕێککەوتنیان کردبێت.

لە ڕاستیدا لێدوانەکەی نێچیروان بارزانی سەرۆکی وەفدەکە کە دەڵێت"خۆیان بە بەشێک لە ئێران و شۆڕشی ئیسلامی دەزانن" و هاوکات بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەکاتی پشێوازی شاندەکە لە فرۆکەخانە (هەرچەندە ڕۆژی دواتر وەزارەتی دەرەوەی ئێران پۆزشی هێنایەوە کە هەڵەیەک کراوە لە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە پێشوازیەکەی وەفدی هەرێم لە فرۆکەخانە) و هاوکات کوشتنی ئەو ئەندام سەرکردایەتییەی حزبی دیموکرات لە شاری هەولێر. هەموو ئەمانە پەیامێکی ترسناکە بۆ ئەو لایەنە نەیارانەی کوردستانی ئێران و تەنانەت بۆ خەڵکی ئازادیخوازی هەرێم و حزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانیش، کە هەمیشە پەیوەندیان لەگەڵ بزوتنەوەی چەپ وکۆمۆنیستی ئێران هەیە و بە ئاشکراش دژایەتی ڕژێمی تیرۆریستی بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

بە پێی هەواڵەکان کە ڕاستیان تێدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕژێمی ئیسلامی بە ئاشکرا بە شاندەکەی گوتووە ئیتر ئەوان بوونی ئەو هێزە چەکدارانە لەژێر دەسەڵاتی هەرێم قەبوڵ ناکەن! خۆ ئەگەر وەدەریان نەنێن وەک موجاهیدینی خەڵق، ئەوە بە هێرش و موشەکباران بێت یان هەر شێوازێکی تر ئەوە تارو ماریان تێک دەدات.

هاوکات گوایە تاقمێک جاسوسی ڕژێمی ئیسلامی ماوەیەکە لە شارەکانی هەرێمن بۆ تیرۆری کۆمەڵێک سەرکردەی چالاکی ئەو حزبانە، و ڕەنگە هەوڵ بدەن لەم نەخشە و پیلانانەدا تیرۆری ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی چەپ وکۆمۆنیستی هەرێمی کوردستانیش بدەن، وەک پێشتریش هەوڵیان داوە تیرۆریان کردەوە. بۆیە پێویستە ئەمانیش لەم بارەوە ئاگادار بن.

ڕاستییەک هەیە پێویستە جەختی لێبکەینەوە؛ ئەویش ئەوەیە کە ئیتر ئەم دۆخەی لە جیهان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستان هەیە، دەیان ساڵە بۆتە گۆرەپانی ململانێ و شەڕی سیاسی و سەربازی نێوان هەموو زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان، ئیتر بەرەو یەکلابوونەوە دەڕوات.

هەتا ئێستاش یاریکەری سەرەکی ئەم یەکلابوونەوەیە خودی ئەو دەوڵەت و ڕژێمانەن کە بە کام لادا یەکلادەبێتەوە. بەلام ئەوەش بێگومانە کە چەند ساڵێکە کەم تا زۆر جەماوەریش لە ئێران و عێراق و کوردستانیش، ئەگەرچی هێشتا خاوەن ڕێکخراوی یەکگرتوو، و بەدیلی سیاسی نین، بەلام ڕۆڵێکیان هەیە و بوونەتە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە بۆ یەکلا کردنەوەی باروردۆخەکە .

جا ئەگەر پەیامی سەرانی ڕژێمی ئیسلامی سەرکوت و سێدارە و تیرۆر بۆ خەڵکی کوردستان و تەنانەت خودی ئێران و حزبە نەیارەکانی ئێران، بە تایبەتی لایەنە چەکدارەکانی کوردستان کە لە هەرێمن. ترسناکە و بە ئاشکرا توندکردنەوەی سەرکوت و تیرۆرە، ئەوە بە نیسبەت جەماوەری هەرێمی کوردستانیشەوە مەترسییەکەی کەمتر نییە. دەیەوێت هەردوو ئەم هێزە سەرەکییەی دەسەڵاتدارانی هەرێم، یانی پارتی و یەکێتی، بە تەواوی بکاتە پارێزەری ستراتیژی سیاسی و سەربازی خۆی. هەر وەک چۆن لە ئاستی عێراق بەشێک لە هێزە سیاسییە شیعییەکانی عێراقی بەناوی حەشدی شەعبییەوە کردەوە بە سوپای پاسداران و دەزگا سەرکوتگەرییەکانی تر، ئەوە ئەو دەورەی لە پارتی و یەکێتیش دەوێت.

بۆیە بەهەند وەرگرتنی ئەم پەیامە لە لایەن ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئاستی عێراق و هەرێمیش زۆر گرینگە و پێویستی بەخۆئامادەکردنی زیاترە بۆ شکست پێهێنانی نەخشە و پیلانە سەرکوتگەری و تیرۆریستییەکانی ڕژێمی ئیسلامی و دارودەستەکانی. بێگومان ئەمەش لە گرەوی ئەوەدایە کە چەند ئەم ڕێکخراو و حزبانە هێز لە جەماوەر وەردەگرن و هێزیش دەدەنەوە بە جەماوەری ئازادیخواز.

# ڕێکخراوبوون تاکە ڕێگەی کۆمەڵگەیەکی باشترە



نووسینی: عبدالرحمن ڕەسوڵ

ڕێکخراوبوون زۆر ڕوون و ئاشکرایە قەیران و کێشەکان لەسەر بناغەی چینایەتی بەرهەم هاتوون، هەربۆیە هەتا کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە بەردەوام بن زیاتر تاکەکانی زۆرینەی کۆمەڵگە ڕاپێچی چەوسانەوە وهەژاری وبێکاریوبێ خزمەتگوزاری و خراپی جۆری خزمەتگوزارییەکان درێژەی دەبێت، چارەسەریش تەنها بەجێبەجێکردنی نەخشە ڕێگایەکی چینایەتی دەکرێت کەئیدارەی کۆمەڵگەی پێبدرێت بەپشت بەستن بە سوود وەرگرتن لەفەلسەفەو بەرنامەی ئابووری سۆسیالیستی. ئەم تێگەیشتنە زۆر سادەو ئاسانە تەنانەت مرۆڤە نەخوێندەوارو بێ سەوادەکانیش ئەوە دەزانن، کە سیستەم و دەسەڵات کۆنەخوازو چەوسێنەربێت لەجەژن وجۆری ئیدارەدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەدوایی ساڵی ١٩٩١ زۆر باش جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان سەرمایەدارو بەرپرسەکانی حکومەت و حیزبەکان لەگەڵ چینی خوارەوەی کۆمەڵگە کەزۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە پێکدەهێنن ئەوانیش پێکهاتوون لەکرێکاران و بێکاران و جوتیاران و زەحمەتکێشانن. لەڕوویی دەست ڕاگەیشتن بە مافی خزمەتگوزاری تەندروستی و کارەبا و ئاو و پەروەردە و فێرکردن و ڕێگا و بانەکان، کۆمەڵگەی کوردستان بەجۆرێک پاشەکەشەی کردووە کە سەرجەم کەرتە خزمەتگوزارییەکان لەبەریەک هەڵوەشێندراوە و بەرەو لەناوچوونی دەچن. بە واتایەکی ڕوونتر هاوڵاتی لەڕووی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری و زانیاری و تەندروستی وپەروەردە و فێربوونەوە زۆرترین مافی لێ سەندراوەتەوە کە پێش ساڵی ١٩٩١ بۆی دابینکرا بوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە حیزبی بەعسی فاشی لەگەڵ ئەوەی خەڵکی سەرکوت دەکرد و ئازادییەکانی قەدەغە دەکرد ئیدارەی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانی دەکرد، ساڵانی هەشتاکان کارەبای گشتی بەردەوام بوو و ئاوی گشتی بۆ ماڵان بەردەوام بوو و خزمەتگوزاری ڕێگا وجادەکان بە کوالێتی باشتر لەلایەن شارەوانییەکانی حکومەتەوە دابین دەکرا، ئەگەر کێشەیەک هەبایە لەئاو وکارەبا و ڕێگاکان بە زوویی چارەسەر دەکرا، خستنەڕووی ئەم ڕاستیانە زیاتر لەو کاتانە دەخرێتەڕوو لەلایەن خەڵکەوە کە بەهۆی کێشەوگرفتە هەنوکەیی وگشتییەکانەوە نارەزایەتی نیشاندەدەن. ئەمە تێگەیشتنە زۆر پێویستی بەخوێندنەوەی کتێبە سیاسی و ئابووری یەکانیش ناکات، چونکە بەهۆی ئازارەکانی چەوسانەوەو نایەکسانی و نابەرابەری خەڵک دەرکی پێ دەکات، هەربۆیە لەکاتی نیشاندانی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکاندا خەڵک لەخیابان وشەقامەکان دەڵێن و زۆر بەجوانی ڕوو لەدەسەڵاتدارانی چەوسێنەر دەکەن وپرسیاریان لێ دەکەن وپێیان دەڵێن بۆچی ئێمە بێ خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا و تەندروستی و ڕێگاو شەقامی جوانین، بەڵام ئێوەی دەسەڵاتداران وبەرپرسەکان لەهەرشوێنێک بن زۆر بەئاسانی دەبنە خاوەنی هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکی تەندروستی وکارەبا و ئاو و ڕێگا و ڕازاندنەوەی شەقام وخیابانەکانی دەوروبەرتان بەسەوزایی وگوڵی جوان. ئەم قسانە تەنانەت مناڵانیش ڕوبەڕوویی دەسەڵات لەخیابانەکەن دەی ڵێنەوە. دەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخواز دەیەوێت بەردەوام بە درۆو بەڵێنی درۆینەو فێڵ وفریودان خەڵک بەگەڕێنێتەوە ماڵەکانیان، ئەمە لەهەموو سەردەم و قۆناغەکاندا هەروابووە و لەزۆرێکیش کۆمەڵگەکان هەروابووە کاتێک دەسەڵات وسیستەمە لەسەربناغەی کۆنەخوازی وچەوسانەوە دامەزراوە. لە کوردستان زیاتر لەچەندەها ساڵ بەم جۆرە بووە کاتێک خەڵک بەهۆی چەوسانەوەو بێکاری وهەژاری وسەرکوتەوە هاتۆتە خیابانەکان دەسەڵاتی چەوسێنەری کوردایەتی وبنەماڵەیی بەجۆرێک ڕەفتاری کردووە کە زۆر دژە ئینسانی بەزۆر خەڵکی ناردۆتەوە ماڵەکانیان یان زیندانی کردووە یان بەفیشەک کوشتوویەتی یان ڕەفاندویەتی و دواتر تەرمەکەی فڕێداوە. کاتێک خەڵک لەخیابان داوای ژیانێکی باشتری کردووە. ئەمە وانەی ئیدارەدانی دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەرو کۆنەخوازە بەدرێژایی تەمەنی دەسەڵاتی ئیدارەدانی لەکوردستان. لەکاتێکدا خەڵک نارەزایەتی نیشاندەدات هەقی خویەتی وەک مافێکی سادەی ئینسانی کە بەزووترین کات داواکاری و خواستە هەق و ڕەواکانی بۆ جێبەجێ بکرێت، ساڵ لەدوایی ساڵ ژیانی خەڵک خراپتر دەبێت و دەست ڕاگەیشتن بەماف و ئازادی و خزمەتگوزارییەکان قورستر و سەختر دەبێت بۆ هاوڵاتیانی کوردستان. ساڵانە چەند بارەبوونەوەی کێشەکانی سووتەمەنی و ئاو وکارەبا و خوێندن وپەروەردە و خراپی خزمەتگوزارییەکان بەچارەسەر نەکراوەیی ماوەتەوە.

* هۆکاری بەردەوامی کێشەکان لێرەوەیە:

١/ بۆچی بەردەوام کێشە و قەیرانەکانی بۆ خەڵک زیاد دەکەن؟ هۆکاری ئەوەیە کە لەکوردستان دەسەڵاتێک ئیدارەی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات وێڕای ئەوەی دەسەڵات و حکومەتێکە لایەنگر بەچینی سەرمایەدارو دەوڵەمەندەکان، لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە دەسەڵاتەی کردووە بەچەند دەسەڵاتێکی تری ملهوڕ بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا دابەشی کردووە. ئەم جۆرە ملهوڕی وچەتەیەش کەدابەشی کردووە لەڕێگای لق و مەڵبەندەکانی حیزبەکانی دەسەڵاتەوە زیاتر دەپارێزرێت و زیاتریش بارگرانی وباجی چەوسانەوەی زیاتر دەکەوێتە سەر خەڵکی کوردستان. هەربۆیەشە هەر شارو ناوچەیەک بە قۆرغکاری دەسەڵاتدارێتی حیزبێک ناسێندراوەو گەشە بە ملهوڕی چەوسانەوەو سەرکوتی خەڵک زیاتر دەدات. بەمانایەکی ڕوونتر ئەگەر لەکوردستان بەپێی یاسای پەرلەمان و حکومەت خەڵک ڕاپێچی فەزای چەوسانەوە و باج وقوربانی زیاتر بکرێت وەکو گشتی ئەوا لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر وێڕای ئەوەی هەمان یاسایی چەوسانەوە جێبەجێ دەکرێت لەهەمان کاتدا ئەو شارو ناوچە کە ئەو حیزبە ئیدارەی دەدات ئەویش یاسایی بەشیدەتر وچەوسێنەرتر دەسەپێنێت، ئەگەر خەڵکیش نارەزایەتی نیشانبدات بەزەبری هێز سەرکوتی دەکەن. دەرئەنجامی ئەمە لەهەموو کوردستان چەوسانەوەو نایەکسانی زیاد دەکات بەبێ وەستان لەپێناوی گەشەدانی پارەو سەرمایە بۆ حیزبەکانی دەسەڵاتدار لەڕێگای کۆکردنەوەی باج و سەرانە و گومرگەکانی سنوورەکانی کوردستانەوە لەبەرئەوەی هەریەکە لەحیزبەکان دەست بەسەر داهات وباج وگومرگی سنووری خۆی دادەگرێت بۆنەگەڕانەوەشی بۆ حکومەت بیانووی حیزبی هاوپەیمانی دێنێتەوە کەلەلایەک هاوپەیمانە لەدەسەڵات و لەلایەکیش خۆی وەکو ڕەقیبێکی ئەو حیزبە نیشان دەدات. ئەم جۆرە یارییە بۆ کوشتنی جوڵەی لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیشە. هەربۆیە ئامانجی ئەم جۆرە سیستەم و دەسەڵاتە کۆنەخوازو چەوسێنەرە زیاتر گەشەی قۆرغکاری سەرمایە و نەک چارەسەری کێشەوقەیرانەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ سوودی گشتی. دەرئەنجام ئەم جۆرە یارییەی حیزبەکانی دەسەڵات بەردەوام دەبێت هەتاوەکو خەڵکی نارازی هێزی خۆی بەڕێکخراوبوونی دێنێتە مەیدان بۆ گۆڕانی جۆری سیستەم و دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەر.

٢/ ناچالاکی شۆڕگێڕانەی چەپ و کۆمۆنیست و شیوعییەکان:

قسەمان لەسەر نەبوونی نووسراو، بابەت، وتار نییە، هەرچەند لەوبارەیەشەوە گرفتمان زۆرە کە زیاتر نووسین و بابەتەکان لەچوارچێوەی خۆنیشمایشکردن و بۆ نیشاندانی وەک قارەمانێکی هەڵوێستەکان نیشان دەدرێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کێشەکان بەنوسین و تیۆری بەشێکی چارەسەر دەبن ئەویش ئەگەر زیاتر جەخت لەتێکۆشانی پێویستی هاوخەباتی و هاوپشتی ڕێکخراو و حزبە شیوعی و چەپ وکۆمۆنیستەکان بکرێتەوە، بەڵام گرفتە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە لەنووسراوەکانیشاندا زۆر کەم لەو هەڵوێستانە دەبیندرێت کە گرینگی بە هاتنەکایەوەی نەخشە ڕێگایەکی هاوپشتی و یەکگرتووانەی ئەم هێزە چەپ وکۆمۆنیستانە بگرێتەوە، بەداخەوە زیاتر کە هەریەکیان بەئاراستەی جیاواز سیاسەتی ئاراستەکردنی کۆمەڵگە دەکات. ئەمەش بەسرووشتی کاریگەری ئەم ڕەوت هێزانە لاواز دەبێت. هەرچەندە ناوەڕۆکی گرینگی باسەکە ئەوەیە کە ئەم هێزانە لەڕووی کردارییەوە پەراوێزی ڕووداوەکانی ناو نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستانن کەئەمەش سەبەبی ئەساسی خۆیانن وەکو حزب و ڕێکخراوە شیوعی وچەپ وکۆمۆنیستەکان، بەجۆرێک سیاسەت دەکەن خەڵک لەدۆڵێکەو ئەوانیش لەدۆڵێکی ترە، واتە ڕابەرانی ئەم حیزبانە زۆر دەگمەن دەردەکەون لەناو نارەزایەتییەکانی گەڕەک و شوێنە گشتییەکانی شار بەزۆری نووساون بە کورسی ناو بارەگا و نووسینەکانیان کە پێیان وایە دەتوانن بە یەک وتار دەسەڵات ئاوەژو بکەن. هەروەها گرفتی گەورەتریش ئەوەیە هەیانە زۆر زیاتر لەحیزبەکانی دەسەڵات و سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەری کوردستان بەرگری لەهەمان جۆر سیاسەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەکات، هەرگیز گرینگی بە بزووتنەوەی جەماوەری شورایی و ئیدارەدانی شورایی نادات کە وەکو نەخشەڕێگایەکی بەدیل بیخاتە ڕوو بۆخەڵکی کوردستان و هەمووجۆرە بەشداریکردنێکی دەسەڵاتدارێتی و ئیدارەدان لەگەڵ ئەم حیزبە چەوسێنەرو دزو گەندەڵانە ڕەت بکاتەوە بەپێچەوانەوە ئەم حیزبە تێکۆشانی پەرلەمانی وەکو دۆزینەوەی هەنگوین لەداردا دەبینێتەوە، لەکاتێکیشدا باش دەزانێت کە هەرحیزبێک ئەگەر چەندین کورسیش بهێنێت بێ کاریگەر دەبێت لەئاراستەکردنی هێنانەدی کۆمەڵگە باشتر. ئەوەی گرینگە بۆ حیزبە کۆمۆنیست و شیوعییەکان خۆ جیاکردنەوەیانە بەتەواوەتی لە سەنگەری حیزبەکانی بۆرژوازی و دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەرو کۆنەخوازە کە بەنەخشە ڕێگایەکی ئینسانی خۆیان هاوتایی نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بکەن بەئاراستەی ڕێکخراوکردنی نارەزایەتییەکان لەبزووتنەوەیەکی جەماوەری دا بەئاراستەی ڕووخان ولەگۆڕنانی سیستەم ودەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخوازی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبە هاوپەیمانەکانیان پڕوپاگەندەی پاراستنی دەکەن. ئاخر ناکرێت حیزبێک پڕوپاگەندەی سیستەمێکی سۆسیالیستی وسۆشیالیزم بکات و هاودەست وهاوپەیمان بێت لەحکومەتێکدا کە چەندەها ساڵە تەنها کاردەکات بۆگەشەدانی کەرتی تایبەتییەکانی بازرگان و سەرمایەدارەکان. هەربۆیە ئەرکی هەر ئێستایی ئەم حیزبە چەپ و شیوعی و کۆمۆنیستانەیە هەنگاوی کرداری بنێن بۆ بەهێز کردنی شۆڕشی ڕزگاری چەوساوەکان لەدەست دەسەڵاتی ملهوڕی بنەماڵەی بارزانی وتاڵەبانی و حیزبەکانی کوردایەتی کەلەهەر گەڕەک وشارو دێهاتێک وروژمی چەوسانەوە ودزی وگەندەڵی بەهێزتر دەبێت. ئەم نارەزایەتییەی خەڵک دەرسێکە بۆ چەپە لاکەوتەکانیش، کە بەدەیان ساڵ نەیان توانیوە بزووتنەوەیەکی بەهێز کە لەهەناویدا ژیلەمۆی گۆڕانکاری بخەنەڕێ ، ئەم نارەزایەتییەی شاری هەولێر بەهەمان شێوە لەشاری دهۆک و سلێمانیش هەیە ئەمە خەباتی خۆرسکی کرێکاران و جەماوەری هەژاران و زەحمەتکێش وبرسییەکانی کۆمەڵگەیە، کاتێک دەکەوێتە جوڵە عەرشی سەرمایە دەخاتە لەرزە، چۆک بە دەسەڵاتی چەوسێنەر دادەدات، هەر لە هێزو توانای ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە کە دەسەڵات بەپەلە سەردانی ئەم ژنە شۆڕشگێڕەی شاری هەولێری کرد. خاڵێکی زۆر، گرینگ ئەوەیە سەرجەم نارەزایەتییەکان بەگشتی وئەم نارەزایەتییە خۆیان بێ ئەوەی پێویستیان بە ڕۆشنبیرانی چەپ بێت، خۆشیان لە چاوتروکانێکدا ڕێک دەخەن و ڕابەریش بۆ خۆیان دروست دەکەن، دەبێت بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەم جۆرە تێکۆشانە جەماوەرییە وانەیەکی بەسوود فێربن کە ئەرکی هەرچی زووتریان ئەوەیە کە کۆڕوکۆبونەوەی کۆمۆنیستی و شیوعی و چەپ خۆیان ڕزگار بکەن و بێنەوە ناو چینی کرێکار و بێکاران وهەژاران وبرسییەکانی کۆمەڵگە لەوێوەوە هەنگاوی شۆڕشگێڕانە بنێن. بۆئەوەی دەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخواز ژێرەو ژووربکەن و خەڵک خۆی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت لەڕێگای شوراکانیانەوە. هەر ئەوەیە ئەرکی ئەم حیزبە شیوعی وکۆمۆنیستانە کەدڵسۆزانە لەگەڵ خەڵکی چەوساوەبن و گەشە بە شۆڕشی ڕزگاری بدەن بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شورایی .

٣/ ئەوەی نەوەی نوێ دەیکات دواجار خزمەتی دەسەڵاتە نەک خەڵک:

خەڵک کێشەی بێ ئاوی هەیە، چارەسەرکردنی بێ ئاویش پەیوەندی بە سیستەمی جۆری ئیدارەدانەوە هەیە، کەزیاتر جیاوازی دەکرێت لەئیدارەدان و نەبوونی بەرنامە کارێک بۆ گەشەدانی کەرتی گشتی ئاو بەئاراستەی خزمەتی زیاتر کردنی خەڵک، کە دەسەڵاتی کوردایەتی بەپلان و بەرنامە ئەمە جێبەجێ دەکات بۆ لەناوبردنی کەرتە گشتییەکان، کەوایە هەر چارەسەرێکی کاتی پشتیوانییە بۆ ڕاگرتنی پایەکانی دەسەڵاتی چەوسێنەر لەبەرئەوەی دەسەڵات هەمیشە خۆی

بۆ لاپەڕە 11



## پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،
ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێردراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# ئافرەتان هەتاکەی دەبێ بێدەنگی هەڵبژێرن؟

**نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**



توندوتیژی، بێباوەڕی و زەوتکردنی مافە ئینسانییەکانی ژن لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگەوە، کاتێک ڕوودەدا کە کچێک ناچارە بۆ درێژەدان بە خوێندن، بۆ کارکردن، بۆ چوونەدەرەوە لەماڵ و بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک ئیجازەی باوک و برا، تەنانەت برای چکۆلەتر لە خۆی وەرگرێت و ئەگەریش ژیانی هاوبەشی پێک هێنا ئیجازەی مێردەکەی! کاتێک ڕوودەدا کە لە کۆمەڵگەدا کچێک کە نایەوێ یان بۆی نەڕەخساوە ژیانی هاوبەش پێکبێنێ سووک چاوی لێدەکرێ و بە قەیرە ناودەبرێ. توندوتیژی ئەو نێونیتکە و قسە ناشایستانەیە کە لە شەقام و کۆڵان بە ژنان دەگوترێ! ئەو نیگاهە هەرزانەیە کە وادەکا ژن نەتوانێ بە ئاسوودەیی هاتووچۆ بکات! ئەو بڕیارە تاک لایانەی کۆمەڵگەیە کە بێ لەبەرچاو گرتنی ویست و تواناییەکانی ژن بۆ ئەنجامدانی زۆر کار بە شیاوی نازانێ و ڕێی لێدەگرێ! ئەو کاتەی وێڕای زۆرتر بوونی ژمارەی ژنانی خوێندەوار لە دام و دەستگا ئیداریی و حکومییەکان کەمتر لە پیاوان وەردەگیرێن و موچەی مانگانەشیان لە پیاوان کەمترە! توندوتیژی کەڵک وەرگرتنی ئەبزاری لە ڕوخسار و ئەندامی ژنانە بۆ پەرەپێدان بە فرۆش و زۆر بوونی کڕیار! توندوتیژی ئەو قەفەسە تەنەگەیە کە بە نێوی سروشت و داب و نەریت و پشتیوانیی ئایین و دەسەڵات ژنانی تێدا یەخسیر کراون و ناچاری دەکەن بەو کارانەی کە بەدڵ پێی خۆش نییە بیکات: ئەوەی کە نەهێڵن دەرس بخوێنێت، نەهێڵن کار بکات، لە تەمەنی خوار □□ ساڵ بە شووی بدەن، نەهێڵن بە دڵی خۆی پێبکەنێت، بگەڕێ، بیر بکاتەوە و بژی. توندوتیژی ئەو بێ باوەڕی و سنوور دانانە بۆ ژنانە کە وا دەکا خۆشیان خۆیان پێ کەم بێت! کاتێک ژنێک شکی هەیە بە خۆی و مرۆڤ بوون و تواناییەکانی و پێی وایە ئەگەر کوڕی نەبێ، مێردی نەبێ یان برای نەبێ بێهێز و زوڵم لێچووە و دەبێ بەزەییت پێیدابێت! کاتێک ژنێکی کورتەباڵا پێی وایە بۆ وەبەرچاو هاتن، پێویستە کەوشی ڕق و تەقی پاشنەبەرز لەپێ کات، یان بۆ جوانتر وەبەر چاو هاتن پێویستە ڕوخسار و لەشی خۆی بخاتە ژێر چەقۆی نەشتەرگەری! کاتێک ژنێک پێی وایە تەنیا خاڵی گرینگی ئەو وەک مرۆڤ ڕوخسار و لەش و لاریەتی و بۆ فرێدانی زبڵیش دەبێ بچێتە بەر ئاوێنە و دەستێک بە ڕوخساری دابێنێ! کاتێک کچێک بۆ بە دەستهێنانی دڵی کەسی بەرانبەری، پشت لە کەسایەتی خۆی دەکا و هەمووی وجوود و بیروباوەڕەکانی خۆی دەگۆڕێت! توندوتیژی وەک پەتا وایە و لە کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتەوە، واتا بوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگە و دەسەڵات دژ بە هاووڵاتی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی بە گشتی لە کۆمەڵگەدا .

بەداخەوە لەهەمو جۆرەکانی توندوتیژیدا ژنان لە زۆربەی حاڵتدا بێدەنگی وەک چارەسەرێک لەبەرانبەر توندوتیژی هەڵدەبژێرن! زۆربەی ژنان، تووڕەیی و توندوتیژی پیاوەکەیان وەک ڕەفتارێکی ئاسایی پیاو لەبەر چاو دەگرن و لە بەرانبەری دا بێدەنگ دەبن، لە حاڵێک دا ئەو ڕەفتارانە بە هیچ شێوە ئاسایی نین و دەبێ بە هاوکاری دەروونناس ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە ئەگینا ئەو هەڵسوکەوتە نابەجێیانە لە درێژخایەن دا کاریگەری خراپ لەسەر باری دەروونی هەمووی تاکەکانی ئەو بنەماڵەیە دادەنێت.

لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە ئەو پیاوانەی توندوتیژی دژ بە ژنان بەکار دەبەن کێشەی دەروونیان هەیە. ئەو پیاوانەی بە منداڵی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنانی بنەماڵەکەیان کراوە، پیاوانی بێ مەسئولیەت و بێتاقەتن و ئەو پیاوانەی هەست بە پووچی دەکەن، زۆرتر توندوتیژی دژ بە ژنان بەکار دەبەن. زۆربەی ژنان بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێکار و بێ داهاتن و ژیانیان لەباری ئابوورییەوە بە پیاوانی خانەوادەکەیانەوە بەستراوەتەوە و ڕاوەستان لە بەرانبەر زوڵم و توندوتیژیی پیاوان مەترسی بێ بژیوی و ئاوارەبوونیان دەخاتەسەر. لە لایەکی دیکەشەوە زۆریەک لە بنەماڵەکان لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەی بە کولتوری کۆن تەنراودا جیابوونەوە لە هاوسەر بۆ کچان عەیب و ناشیرینە، کچەکانیان ناچاردەکەن درێژە بە ژیانێکی هاوبەشی نەخوازراو و پڕ لە زوڵم و توندوتیژی بدەن. توندوتیژی دژی ژنان بێ سنوورە، کات و شوێن ناناسێ و هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێک و لەلایان هەمووکەسەوە تەنانەت خودی ژنانیش ڕوو دەدات

ئافرەت لەنێو کۆمەڵگە هەڵسوکەوتی نادروستی لەگەڵ دەکرێت، لەبواری کۆمەڵایەتیدا ئافرەت هەندێک جار بەپلە دوو و سێ، هەندێکجاریش وەکو کۆیلەیەک سەیر دەکرێت. لە کۆمەڵگەی کۆن و نوێشدا ئافرەت نەک تەنها لەکوردستان، بەڵکو لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لەسەرتاسەری جیهانیشدا لەژێر هەژمون و زوڵمێکی زاڵمانەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و کەلتوری پیاوسالاریدا دەژی.

دەوروبەری کۆمەڵایەتی کە تەنراوە بە دیاردە و نەریت و کەلتوری هەمەجۆری دواکەتوو، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئافرەت بەشێواز و ڕێگا و مەبەستی جیاواز بچەوسێنرێتەوە.

لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، تاکو سەدەیەک، یان نیو سەدە پێش ئێستاش، ئافرەتی کورد لەڕووی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوە بەشداری کارای هەبووە، ئافرەت نەک هەر منداڵی پەروەردە وبەخێو دەکرد، نەخێر ئەو وەکو خاوەن ماڵ و دەسەڵاتدارێکی کۆمەڵایەتی پێشوازی لەمیوان و بڕیاردان و بەرهەمهێنان و دەستکەوتی دارایی دەکرد. ئافرەتانی سەربەستی کوردستان نموونەیەکی بەرز و جوانی قسە و بۆچوونی هەموو گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان بوو، کە پێشتر روویان لەکوردستان کردبوو.

دەوروبەری کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە (ئاین، نەریت، کەلتور، دەسەلاتی دارایی، پەیوەندی کۆمەلایەتی و دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگە) کاریگەریان لەسەر دەرکەوتنی بیرۆکەی چەوسانەوەی ئافرەت و لەقاڵبدان و پتر کۆیلەکردنی ئافرەت هەیە. بێگومان دەوروبەری کۆمەڵایەتیش پەیوەندیی بەدەوربەری ئابوری و کاریگەرییە ئابوورییەکانەوە هەیە.

بێگومان باشکردنی دۆخی ژیان و بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەتان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەستووری و مەدەنییەوە، پەیوەستە بەخودی ئافرەتان و ئەو شۆڕش و بزاڤانەی بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان دەیکەن. لە ئەمەریکا ئافرەتان جەنگێکی درێژخایەنیان بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدان و بەشداری لە ژیانی سیاسی و ئابووری کردووە، لە روسیاش دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئافرەتان توانیان لەڕێگەی بەشداری لەشۆڕش، مافەکانیان باشتر بکەن. لەئەوروپاش ئافرەتان لەم جەنگە بەردەوامە بەردەوامن، ئافرەت لە ئاسیا و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هێشتا لەپێناو دابینکردنی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی گونجاوی ئارام و دڵنیاکەر دەجەنگن، دروشمەکان بزاڤی ئافرەتان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان بەپێی دەوروبەرە کۆمەلایەتییەکان دەگۆڕێت، لەئەوروپای پێشکەوتوو، ئافرەتان داوای دەست حەقی یەکسان لەگەڵ پیاوان و مافی دایکایەتی و یەکسانی لە کاری و چی وچی دەکەن، لە سعودییەدا ئافرەتان داوای مافی بەدەستهێنانی دەنگدان و مافی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و بەشداری لەئیدارەی دەوڵەت دەکەن.

لەهەمان کاتدا ئافرەت بەپێی دەوروبەری گروپە توندرەوە دینییەکان، کەرەستەیەکی هەرزانی کۆیلەکراوە، بۆ پاراستن و بەدیهێنانی خواستە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوان و بەهێز هێشتنەوەی دەسەڵاتی پیاوسالاری و بەکارهێنیان بۆ ئەنجامدانی کاری توندتیژی و تەقینەوە و تۆقاندن.

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

# دڵشاد مەریوانی...ناوێکی دیار و گۆڕێکی ون!!

نووسینی: جەمال نوری



گەربمانەوێت باس لەژیانی دڵشاد مەریوانی بکەین، ئەوا بەسەدان و هەزاران وتارو لێکۆڵینەوە تەواو نەبێت، چون دڵشاد کەسێکی ڕۆشنبیرو خوێنەوارێکی فرەڕەهەند بووە، واتە دڵشاد مەریوانی تەنها لەبوارێک لەبوارەکانی ئەدەبدا کاری نەکردوە، بەڵکو لە تەواو ژانەرەکانی ئەدەبدا ڕۆڵێکی دیاری بینیوە وەک لەنوسینی شیعر و چیرۆک و یاداشت و کورتە فلم و سناریۆ و شانۆو درامادا وەک کەسێکی دیارو خاوەن شوناسی تایبەت بەخۆی حزوری هەبووە لە هەموو ئەو بوارانەدا.



واتە دڵشاد کەسێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو ئەو هەروەک چۆن لە بواری نوسینەکانیدا سەرکێش بووە، ئاواش لەژیانی ئاسایی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا وەک کەسێکی نائاسایی دەبینرا، بەو مانایەی دڵشاد چەندین میل لەپێش کۆمەڵگەکەیەوە بوو،

ئەو بڕوای وابوو، کەسی ڕۆشنبیر بەو کەسە دەوترێ لەڕووی تیوریەوە هەر بابەت گەلێکی فکریی ومەعریفی

لەپێناو بونیادنانی کۆمەڵگەکەیدا بێت، پێویستە هەلومەرجی ناو واقعی کۆمەڵگەکە بخوێنرێتەوە لەسەر ئەرزی واقیع و پراکتیکدا کەسی نوخبەی ڕۆشنبیر دەبێ ببێتە پێشەنگ.

## بەهرەو توانستە ئەدەبی و هونەریەکانی دڵشاد مەریوانی

ئەو دەمەی لەکولێژی ئادابزمانی کوردی لەزانکۆی بەغداد وەردەگیرێ، گەشەی بە توانستەکانی خۆی دابوو لەبواری زمان و ئەدەبی کوردی لەهەمان کاتیشدا شارەزاییەکی باشی لەزمانی عەرەبیدا هەبوو، دڵشاد هەوڵی دەدا مل بەدوژمنەکەی بدات بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بوو زمانی عەرەبی وەک کەسێکی عەرەب زمان بزانێت تاوەکو لەڕێگای زمانەوە دیدو بۆچوونی ڕوونبکاتەوە.

دڵشاد لەو ڕاستیە گەیشت بوو هەر گەل و نەتەوەیەک گەر بیەوێت خاوەن شوناسی خۆی بێت پێویستە خاوەن هێزی خۆی بێت کەسەنگ و قورسایی نیشان بدات، هەڵبەتە کاتێک دەڵێن هێز، مەبەست لە هێزە (نیتشەیەکەیە) کە کەلتورو فەرهەنگ و زمانێکی ستانداری خۆی هەبێت بۆ نوسین، تاوەک لەململانێی شارستانیەتەکاندا بەریەککەوتنی هەبێت، ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە دڵشاد مەریوانی تا لەژیاندا بوو ئیشی لەسەر دەکرد، بەبڕوایەکی نەگۆڕەوە پراکتیزەی دەکرد. وەک ئەلف بای لاتینی بۆنوسینی ڕێزمانی یەکگرتووی کورد.

## دڵشاد مەریوانی و فرە ڕەهەندیی ..

دڵشاد مەریوانی کەسێکی خەلاق بوو، خاوەن توانایەکی لەڕادەبەری هەبوو لەتەواوی ژانەرەکانی ئەدەب و هونەر دا، ڕەنگە هەندێک پێیان وابێ ئەمە زیادەڕۆییە، یان هەندێکی تر ڕایان وابوو نەدەبوو دڵشاد لەو هەموو بوارانەدا کار بکات تاوەکو توانستەکانی پەرت و بڵاو نەبێ و کۆی توانستەکانی لەبوارێکدا تەوزیف بکردایە، بەڵام ئەوەی لەنزیکەوە دڵشاد مەریوانی ناسیبێ، هەستی بەتەواوی توانا بێ وێنەییەکانی مەریوانی کردوە کە هەر بوارێک لەبوارەکانی ئەدەب، هونەر، شانۆ دراما ، کەلەپورو فۆلکلۆر زمان و ڕێزمانی کوردی بگرێ زۆر بەسەرکەوتووی تەوزیفی کردوە وەک لەنوسین شیعرەکانییەوە تەماشای بکەی هێندە بە ئیحساسێکی مرۆڤدۆستانەو عاشقانە نوسیونی کە لێوان لێون لە چنینی وشە و ئیقاعی شیعری و فەنتازیا کە خەیاڵی شاعیر گرێدەداتەوە بە ژیانە واقیعیەکەی تێیدا دەژی، واتە مەریوانی هەمیشە بینایی خەیاڵی لەسەر زەمینەی واقیعدا بونیاد ناوە بۆیە توانیویەتی باڵەخانەیەک لە شیعرو چیرۆک و ڕەخنەیی ئەدەبی و هونەر بونیات بنێ،، دڵشاد هێندە شارەزایی بەکارهێنانی زمانی شیعری بووە بەشێوەیەک لەگەڵ هەرکۆپلە شیعرێکی هەست بە ئیقاعی موزیک و ناسکی لەوشە دەکەین کەتەواو ریتمێکی موزیکی و شیعرێکی لیریکی لێ هاتۆتە بەرهەم کەبە نیسبەت شیعری هاوچەرخی کوردیەوە ئەو شێوازە لەنوسینی شیعر تازە بووە، بۆیە دڵشاد توانیویەتی وەک شاعیرێکی دیاری قۆناغەکەی دەربکەوێت. بۆنموونە لەشیعری (خەوی سەوز )*١ دا کەلەئابی ساڵی ١٩٧٤ دا نوسیویەتی و پێشکەشی کردوە بە هونەرمەندی گۆرانیبێژ خوالێ خۆش بوو (حەمەی نێرگز) بەگۆرانی ئەدایی بکات، واتە دڵشاد جگەلەوەی ئاستێکی بەرزی شیعری هەبووە لەهەمان کاتیشدا خاوەنی بەهرەی ئاوازو ناسینەوەی دەنگی گۆرانیبێژەکانیش بووە، کاتێک شیعری خەوی سەوز پێشکەش بە حەمەی نێرگز دەکات تەواو زانیویەتی ئەم شیعرە دەڵێی بۆ قورگی حەمەی نێرگز چنراوەو لەم شێوازە لە قورگ و دەنگە دەتوانێ؟ ئەدای ئەم شیعرەی بکات بە گۆرانی و تیایداسەرکەوتوبێت.

لەوەتەی تۆم خۆشویستوە
خەوەکام سەوز بووە
هەقمە بگریم لە چاوەکانما سەوز بووی
بۆ گریانی من نەبوایە
تۆ بەبێ ئاو گەورە ئەبووی ..!
پەنجەکانم تینویانە
دەست مەنێ بەڕوویانەوە
بابیانگێڕم بەڕەزی قژی خاوتاو نەڕۆنەوە
تاتێر عەتر ئەخۆنەوە
بۆ بێ لەو چاوە کاڵانەت
چی شک ئەبەم
لێم مەپرسە بۆچی هاتووم
وەک کۆترێکی لانەواز
تەرەو ماندووم
هاتووم لەناو چاوەکانتا
تێر تێر بنووم
تێر تێر بنووم

کاتێک سەرنج دەدەین لە دێڕ بەدێڕی ئەم شیعرەی دلشاد مەریوانی، لەوە تێدەگەین کە گوزارشت لەو ئیشقەی پاکەی دەکات، ئەودەمەی بەو دەگات خەوەکانی چرۆ دەکات و گوڵی شیعر دەگرن، بەچەشنێک خەیاڵی شیعری ئاوێزانی وێنای سروشت و جوانی ڕووخسارو سیمای مەعشوقەی کردوە لەتابلۆیەکی سریالی دەچێ، بەتایبەت کەدەڵێ پەنجەکانم تینویانە دەست مەنێ بەڕوویانەوە، ئەمە بۆخۆی جورێکە لەمیتافۆر. کەخولیاکانی بەوێنە دەربڕێت.

میتافۆر لەژانەری شیعردا ئەوەیە وشە لەسەرووی مانای خۆیەوە هەڵگری مانای دیکەش بێت کەواتە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کەمیتافۆرگرنگترین ڕەگەزی ڕەوانبێژییە... بۆتێگەشتن لەمیتافۆر کەوێنەی شیعری بەرهەم دێنێ وتوانای نوێ بەزمان دەبەخشێت کەبۆ ڕامان هانمان دەدات ئاسۆی بیرکردنەوەمان فراونتر دەکات.

دڵشاد وەک شاعیرێکی هاوچەرخ بەئاگا بووە لەشاعیرانی پێش خۆی و شاعیرانی دیارو بەناوبانگی سەردەمەکەشی لەشاعیرانی عەرەب نزار قەبانی و مەحمود دەرویش و موزەفەر نواب و نازک مەلائیکە وچەندانی تر. لەشاعیرانی کوردیش وەک مامۆستا گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح و وەفایی و شێرکۆ بێکەس و ئەنوەرقادر جاف ئەدیبانی ڕوانگە.، دڵشاد لە کولێژی ئاداب زانکۆی بەغداد، باشتر دەتوانێ پانتایی بیرو ئەندێشەو خەیاڵی فراوانتر بکات، توانی شوناسی خۆی بسەلمێنێ لە گۆڤارو ڕۆژنامە و ڤیستیڤاڵ و کۆڕو سیمینارەکانی بەغداد. دڵشاد مەریوانی و ژیانی زیندانی فاشستەکان

دڵشاد مەریوانی وەک چۆن لەژیانی ڕۆژانەی لەزانکۆ، لەکۆڕو کۆبەندەکاندا بە جموجوڵە ئەدەبی و هونەری و ڕۆژنامەگەریەکانی بۆ دۆست و نەیارەکانی دەسەلماند کە نەتەوەی کوردیش گەر ئازاد بژی دەیان کەڵە نوسەرو هونەرمەندو ئەدیبی گەورەی تیا هەڵدەکەوێت وەک ئێستا کەتیایدا هەڵکەوتوە، لە ژیانی خەباتی ژێر زەمینی و هوشیارکردنەوەی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەکەی هەمیشە بەگیانی خۆی گیانبازی کردوە بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی ڕێکخستنەکانی ناوشار، هەرگیز ترسی لە مەرگ و لەناوچوون نەکردۆتەوە، هەر ئەم چاونەترسی و بزێویەی وای لە هەندێک لە هاوڕێیانی کردبوو کە گومان لە هەڵس و کەوتی شۆڕشگێڕانەی بکەن لەناو جەرگەی دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس دا، بەڵام دڵشاد هیچ کات و سەردەمێک حسابی بۆ دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی عێراق نەکردبۆوە لەچرکە ساتی لەسێدارەدانیشی جەلادەکانی بەعس پێی دەڵێن سەرت نەوی بکە بۆ ئەوەی پەتی سێدارە بخرێتە گەردنی، لەوەڵامدا دڵشاد مەریوانی پێیاندەڵێ هیچ کاتێک لەژیاندا خۆم نەبینیوە سەرم نەوی ببێت، بەڵکو ئەوە ئێوەن دەبێ سەرتان لەژێر پێیەکانمەوە بێت.

دڵشاد مەریوانی و ساڵی ١٩٨٩پێش نیوەڕۆی مانگی سێی ساڵی ١٩٨٩ ، بەهۆی ئیخباریکردنەوە لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە دەستگیر کرام، دوای سێ شەو و سێ ڕۆژ لێدان و ئەشکەنجە و هەڵواسین لەزیندانی تاکەکەسی بردمیانە زیندانی بەکۆمەڵ، لەیەکێک لەژوورەکانی زیندان کاتێک چوومە ژوورەوە دڵشاد مەریوانیم لەوێ بینی.

ئەم پیاوە کێوێک بوو لەوورەو خۆڕاگری لە شەهامەت و نەبەزین، مەریوانی بێباک بوو لەگیانی خۆی تەنانەت گەر لەسەر زیندانیەکی تری ژوورەکەش ببرایەوە بۆ ئەشکەنجە و لێدن و هەڵواسین باکی نەبوو، دڵشاد مەریوانی لەژووری زیندان، سەرگەورەو ڕێکخەری تەواوی

## گۆشەی ئەدەب و هونەر



# بەشێکی ترلەدەقی "شەو نییە شانم بەرشانی مردن نەکەوێت"

هۆنراوەی: حەکیم میرزا

پێت نەزانی
چۆن چۆنی لەسەرقەراغی تەنیایی خۆم
کەوتمە خوارەوەو
چکە چرکی ئێسقانەکانی جەستەم
ڕۆژە ڕێیەك ڕۆیشت
بەزۆر خۆم هەڵساندەوەو نەمتوانی
دەستم ئەدایە باڵی خۆم و دڵم دەکەوتە
پەلە پەل و
ئەتوت کەسێك دەستی ناوەتە بینە
قاقام و ئەمخنکێنێت
بەهەمووهێزی قوەتی خۆم
شانم دەخستە ژێر باڵی غەریبی
خۆم و بۆم بەرز نەدەکرایەوە

شەوو نیە شانم بەرشانی مردن نەکەوێت
بۆگەنی ئەم هیچستانە هەراسانی کردوم
پرسیارێك سەری داومەتە بەربەردو
بەدوای خۆیدا ڕامدەکێشێت
ئەمەندە بەشەقامە چۆڵەکاندا ڕۆشتوم
بوینەتە دوو کەسی ناو گۆڕستان

ئەم سەرئێشەیە
هەناسەی لەبەر بڕیوم
ژنێك زنجیری جانتاکەم دەکاتەوەو
بۆنی جلەکانم دەکات
دایکم سەرپۆشەکەی ونکردووەو
بەدوایدا دەگەڕێت
هەراسانی کردوم ئەم ڕا ڕاییەی خۆم
سەربەرەو خوار هەڵی واسیوم
فاڵچییەك هەناسەم دەخاتە زەرفێکی
کاغەزەوەو بۆخوای دەنێرێت

دەنگێك بەدرزی دەرگای ژووری
نوستنەکەمدا دێتە ژووری
لەسەربێزاری خۆم هیچ شتێك ناڵێم
گڤەی ئەم ڕەشەبایە داگیری کردوم
داکردنی هیچ بارانێك
سوکنایم نادات

بەم نیوە شەوە ترسناکە
حەزم لەخواردنەوەی قاوەیەکی سادەیە
بیرمکردیت
بەهەموو عەقڵێکی خۆمەوە
ووتم ئێستا لەبەلەکۆنە دانیشتووەو
بیرلەمن دەکاتەوە
گێلیم سەد دەرەجە ژێر سفرەو
خەریکە هەموو جەستەم دەیبەستێت

پێت نەزانیم
کەوتمە خوارەوەو
سەرم بوبەژێرلاشەمەوەو
پێت نەزانیم
گریام و پێت نەزانیم
بووم بەقەترەیەك ئاو و پێت نەزانیم
شەوو نیە شانم بەرشانی مردن نەکەوێت
شەوو نیە بەدەم خەوەوە
خۆم نەکوژم و دوایش خۆم زیندو نەکەمەوە

شەوو نیە شانم بەرشانی مردن نەکەوێت
چۆرە چۆری ئەم خوێنە هەراسانی کردوم
ناتوانم لەبەر ئاوێنەکەدا ڕاوەستم
مریەمێك سەرم دەنێت بەسنگیەوەو
دڵخۆشیم ئەداتەوە
گوێم لەدەنگێکی ناسکە وابزانم
دەنگی خوایەو
گۆرانیم بۆدەڵێت

ئەم ئیبلیسە لەسەرم دێنمە دەرێ و
پەڕۆیەکی سەوز دەبەستم بەسەرمەوە
هاوارم دەگاتە عەرشی عەزیم
دراوسێکانم گاڵتەم پێدەکەن
هاوڕێکانم بەگێلم دەزانن
لەمبێدەنگییە دێمە دەرێ
دەبمە دراوسێی ماڵی مریەم
هەموو بەیانیانێك بەزەنگی کڵێسا خەبەرم
دەبێتەوە

پێت نەزانیم
مردم و پێت نەزانیم
زوو پێم ووتیت مرۆڤەکانی ئەم هیچستانە
لەبەر خۆیانەوە قسەدەکەن
کەدەگەنە
ئاستی مردن ئەژنۆکانیان ئەلەرزێت پێکەنی
نیان بیردەچێتەوەو
سەرلەیەکتری بادەدەن
حەزدەکەم ئەم گەمەیە کۆتایی بێت و
هەموو فیشەکە
نەتەقێنراوەکان لەسەری مندا بتەقنەوە
کۆتایی دێت هەموو شتێك تەواودەبێت
خۆم و منیش
هەموو شەوێ شانم بەرشانی
مردن دەکەوێت
.................
٧/٨/٢٠٢١

---

زیندانیانی ناو ژوورەکە بوو، بەشەو دادەنیشتن و لەدەوری کۆدەبوینەوە هەرشەوێک بەسەرهات و سەرگوزشتەو باسێکی بۆمان دەگێڕایەوە بەپێی ئەو خشتەیەی کە
دروستیکردبوو تەواوی ڕۆژو مانگ و ساڵی تیابوو واتە تەقیمێک بوو لەسەر مقەبایەک دروستی کردبوو بۆنمونە دەستنیشانی ئەو ڕۆژانەی دەکرد کەتیایدا کورد دەستی بەڕاپەڕین و خۆپیشاندان و نارەزایەتی کردن دەکردەوە. دڵشاد مەریوانی بەوردی و بەشێوەی چیرۆک باسەکەی دەگێڕایەوە تا تەواو ماندوو دەبووین.
بەیانیانیش هەمووانی لەخەو هەڵدەستان و پێی دەووتین هەستن خواردنەکەتان بخۆن. ئەو هەرگیز نەیدەهێشت زیندانیەک خاڵی لاوازی بداتەدەست جەلادەکانی بەعس تاوەکو سوکایەتی پێ نەکرێ. شەوێک لەکاتژمێری دوانزەی شەو چەند ئەفسەرێکی ئەمن لەناکاوێک خۆیان کرد بەژووری ئێمەداو پارچە پەڕۆیەکی سەوزیان ئاڵاندبووە کتێبێکەوە و پێی وتین دەبێ یەک بەیەکتان سوێند بخۆن بەم قورئانە کە ئەو مێرد مناڵەی هەفتەیەکە هێناویانەتە ژوورەکەی ئێمەوە، قسە ئەکات یان نا..؟ بێ سێ و دوو کردن دڵشاد مەریوانی یەکەم کەس دەستی نا بەو پارە پەڕۆ سەوزەی لەکتێبێکەوە ئاڵاندبویان وتی بەم قورئانە قسە ناکات و ناتوانێ قسە بکات.. ئیتر هەموو یەکە یەکە دەستمان نا بەقورئانداو وتمان بەم قورئانە مێرد مناڵەکە قسەی بۆناکرێ و ناتوانێ قسە بکات، لەکاتێکدا خۆی وەها نەبوو مێرد مناڵەکەیان هێنایانە ژوورەکەی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵە برادەری سەر یەک سفرە کۆدەبووەوە قسەی دەکرد .

### دڵشاد مەریوانی و دەروێشێکی سیخوڕ ..

دوایین کەسێک لەژووری زیندانەکە دەبوو سوێند بخوا بەقورئانەکە کە داخۆ مێرد مناڵە قسە دەکات یان نا؟ دەروێش حاڵی لەخۆی هێناو وتی ئەی ئەو قورئانە ڕووتی هەمووتان ڕەش بکات، وەڵاهی ئەم مێرد مناڵە تابەیانی حەپەی دێ..؟ ئیدی جەماعەتی ئەفسەرانی ئەمن ڕۆیشتن. دڵشاد مەریوانی مێرد مناڵەکەی بانگ کردو پێی وت هیچ مەترسە تۆ لەسەر چی گیراوی وتی من لەسەر شەستیەکە گیرام مەڕم پێ بوو شوانیم دەکرد پێیان وتم لەئەرزی محەرەمەدای بۆیە گرتمیان. دڵشاد پێی وت بەیانی بانگت دەکەنەوە هیچ مەترسێ گەر وتیان بۆ درۆت کردوە لەگەڵمان پێیان بڵێ من درۆم نەکردوە، کاتێک منتان دەستگیرکرد زمانم ڕانەوەستابوو کەمنتان هێنایە ئێرە و توشی ئەشەنجە بووم لەترسانا زمانم وەستاو توشی سەدەمە هاتم و قسەم بۆ نەدەکرا، پاشان کە منتان هێنایە ئەم ژوورە کە هەمووی کوردن وردە وردە زمانم کرایەوەو ترسەکەم هێد هێدی ڕەویەوە، بەڵێ بۆ سبەی مێرد مناڵەکە بانگ دەکەن و لێ دەپرسن بۆ وا درۆت کردوە لەگەڵمان، ئەویش بەو شێوەی دلشاد مەریوانی تێی گەیاند وەڵامی دابوونەوە، بۆیە دوای هەفتەیەک مێرد مناڵەکە بەپێی ڕاپۆرتی پزیشک و وەڵامدانەوەکەی خۆشی ئازادیان کرد، دڵشاد مەریوانی ئەوکات لەژوورەکەی ئێمە نەمابوو بریان بۆ ئینفرادی چون کارێکی وەهای بەو دەرویشە کرد سوک و ڕیسوای کرد کە چۆن بۆتە چاوساغ و سیخوڕی ڕژێمی بەعس و دەیەوێ ژیانی مێرد مناڵێک ڕووبەڕووی مەرگ بکاتەوە، هەر ئەوەش وایکرد دەرویش داوای ئەوەی کرد لە ئەمنەکان لەو ژورە دووری بخەنەوە، بەڵام دڵشادیشیان دوورخستەوە بۆ ژووری تاکە کەسی ئەو ڕۆژەی دڵشاد مەریوانیان برد، نەورۆزی ساڵی ١٩٨٩ نەهاتبوو، لەبەیانیەوە خواردنیان دابەش نەکرد بۆ درەنگانێ کاتێک خواردنیان هێنا ئەوەی خواردنەکەی دەگێڕا ئەویش زیندانی بوو وتی ئەمڕۆ کاک دڵشاد مەریوانیان لەژوورە تاکەکەسیەکەی دەرهێناو بردیان، ئیدی شێوەو سیماو ڕووخساری ئەم کەڵە پیاوەو قەڵەمە بەژنزرافەی نەتەوەکەمم نەبینیەوە ...

درود بۆ گیانی پاکی شەهیدی هەمیشە زیندوو دڵشاد مەریوانی، کە لەژیاندا سەربەرزانە ژیا لەدنیای ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریش دا تاقگەیەکی بەخوڕە بۆسەرچاوەکەی.

ئەو دەیزانی چارەنوسێکی دژوار چاوەڕوانی دەکات. بۆیە وەک شۆڕشگێڕێکی خۆنەویست بەڕووی جەلادەکاندا دەوستایەوەو بە هاوڕێیانی دەوت..

من دەزانم دەکوژرێم
من دەزانم تەرمەکەم
لەسارا یەک فڕێ دەدرێ
وادەشێوێ
ناناسرێ
پێ نازانرێ تەرمی کامە قاچاخچی یە
هاوڕێیانم نامناسنەوە
نەسیمای خۆشی نەدیووم
نەباڵای قەد نەنەویوم
نەهیوای پڕ چاوی گەشم
نەجێ زامێ شوێن ئەشکەنجەی نەخشەی لەشم
نەئەبرۆی ڕەشی وریام
نەدەم ولێوی پڕ سەودام
نامناسنەوە
نامناسنەوە..!

**تێبینی ..**

**بۆنوسینی ئەم ووتارەم سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە..**

**١- کۆبەرهەم دڵشاد مەریوانی**

**٢- فلمی دیکۆمێنتاری TVخاک نوسین و سینارێوی ڕێبوار محمد.**



# سامان کەریم : کۆمۆنیزم کە پێش هەڵبژاردن وەك هێزی چینایەتی بوونی نەبێت، ئیتر چۆن دەکرێت لەکاتی کەمپینی هەڵبژاردندا، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەبێت.

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز سامان کەریم لە ئاراستەی مارکسستی هاوچەرخ سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق...

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق؟ لاتان وایە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا دەکرێت؟**

**سامان کەریم:** هەڵبژاردن وەک پرنسیپێک لە پرنسیپەکانی دیموکراسی لە ئاستی جیهانیشدا، جێگای بڕوا و متمانەی زۆربەی زۆری خەڵک واتە چینی پڕۆلیتاریا نەماوە، ئەوە ڕاستیەکە، دەتوانین بە ژمارە ئاماژەی پێبکەین. بەڵام لە عێراقدا، هەڵبژاردن وەکو پڕۆسەی بەرجەستەکردنی ئەو پرنسیپە، هەر بوونی نییە. واتە شتێک نییە، بتوانین پێی بڵێین پرۆسێسی هەڵبژاردن. ئەوەی هەیە لە ٢٠٪ی خەڵک دەڕوات کە هەموو یان زۆربەیان موچەخۆری حزبە بورجوازییە دەسەڵاتدارەکان و ملیشیا وئەندامە دێرینەکانیانن. پڕۆسەی هەڵبژاردن، پێودانگەی هاوسەنگی هێزی نێوان ئەمریکا و ئێرانە لەم هەلومەرجەدا. وە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەهەمان شێوە، ویستیان وە دەیانەوێت لەم ڕێگایەوە نفوزو هەیبەتی قانونی یان پەرلەمانی هێزە بورجوازیەکانی سەر بە ئێران کەمبکەنەوە.... جگە لە ناوەکەی هەڵبژاردن بوونی نییە.

**بۆپێشەوە: هەندێک لایەنی سیاسی پێداگری لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا دەکەن و هەندێکی تر داوای دواخستنی دەکەن، یان لە پڕۆسەکە دەکشێنەوە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**سامان کەریم:** ئەو هێزە بورجوازیانەن کە بەتەواوی خۆیان یەکلانەکردۆتەوە لە نێوان هێزی ئەمەریکاو ئێراندا. پایەی چینایەتیشیان هەردەم ئەو پێگەیان پێدەدات وەک هێزیکی پۆپۆلیستی بورجوای کە پێکهاتەکەیان وردە بورجوازی و خەڵکی زەحمەتکێشە بەگشتی. وردە بورجوازیش هەمیشە هەڵبەزو دابەزیەتی.

**بۆپێشەوە: لایەنە دەرەکیەکان لەوانە ئەمریکا، تورکیا و ئێران چ کاریگەریەکیان لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق هەیە؟**

**سامان کەریم:** پرسیارەکە خۆی بەم شێوەیە پێشنیاز ناکرێت. بورجوازی جیهانی یەک چینە، کەواتە هەمووی کاریگەری هەیە بەسەر ئەوی ترەوە بە پێی بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان. نەک لە عێراق، بەڵکو ئەم سەردەمە ئێمە دەعوای ئەمریکا دەبینین دژی ڕوسیا سەبارەت بە دەخاڵەتی لە هەڵبژاردنەکاندا، وە بە پێچەوانەوە. کەواتە کاریگەری وڵاتەکان بەسەر یەکەوە هەیە و لەچوارچێوەی پێشبرکێی نێوان باڵە جیاوازەکانی بورجوازیدا یان بورجوازی وڵاتە جیاوازەکاندا دەچێتە پێشەوە. "عدم التدخل فی الشۆون الداخلیة" کە پرینسیپێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، یەکێکە لە درۆ گەورەکانی مێژوو.

**بۆپێشەوە: هۆکاری سەرەکی چونە سەری ڕادەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**سامان کەریم:** وەک دەرکەوتەیەکی جیهانی ئەم مەسەلەیە ڕۆشنە، و لە عێراقدا قڵشتی چینایەتی زۆر بەرچاوترە، بەڵام هوشیاری هەڵوەشانەوەی چینەکان لە ئاستی سفردایە. واتە هوشیاری کۆمۆنیزمی مارکس لە نێو بزوتنەوەی پرۆلیتاریادا، تەنانەت هەستپێکراو نییە. بۆیە کە قڵشتی چینایەتی و هەژاری و بێ ئاو وکارەبایی و گرانی دەبێتە دیاردەیەکی گەورە، وە باوەڕ بە دەوڵەت و هێزە سیاسیەکان دەگاتە ئاستی هەر نزمی ئەوکات بایکۆتکردن زۆرتر دەبێت. بەڵام بایکۆتکردن لە عێراقدا، هەم سلبیە، وە هەم مانای خۆی لە دەستداوە. کاتێک هەڵبژاردنێک بوونی نەبێت کە نییە، ئەو کات بایکۆتەکەشی تەنها مانایەکی ڕەمزی دەدات. ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن دیاریدەکات، دەنگ نیە، بەڵکو هێزی هاوسەنگی نێوان ئەمەریکاو ئێرانە لەو ساتەوەختەدا. ئەوەی کە خەڵک پێی دەڵێت تەزویرکراوە، کە ڕاستە، ئەو هێز هاوسەنگیەیە.

> **لە عێراقدا قڵشتی چینایەتی زۆر بەرچاوترە، بەڵام هوشیاری هەڵوەشانەوەی چینەکان لە ئاستی سفردایە. واتە هوشیاری کۆمۆنیزمی مارکس لە نێو بزوتنەوەی پرۆلیتاریادا، تەنانەت هەستپێکراو نییە ...**

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر بە هەڵبژاردنەکاندا کە بەدیلی بۆرژوازییە، بەدیلی چەپ و کۆمۆنیستەکان چییە؟ سیاسەت و نەخشەیان کامەیە؟ دەبینن کە هێزە بۆژوازییەکان بەچی خەریکی ئامادەکارین، بۆچی ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئامادەکاری ئەوان لەبەرامبەر بەو هەڵبژاردنانەدا نابینرێت؟**

**سامان کەریم:** ناوەرۆکی پرسیارەکە هەڵەیە، هەڵبژاردن لە سویدیش بێت هەڵبژاردنی نێو خۆیی چینی بورجوازیە بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە نێو خۆیاندا. ئەگەر هێزێکی بالفعل و ئامادەی کۆمۆنیستی بوونی هەبێت واتە بەشی سەرەکی یان بەشێک لە چینی پڕۆلیتاریای وڵاتەکەی لەگەڵدا بێت و ڕێکخراو و هوشیار بن، ئەوکات دەکرێت زەمەنی هەڵبژاردن بکرێت بە نارەزایەتی و مانگرتن یان لە پەیوەند بەو هەلومەرجەوە سیاسەتی دیکە بگیرێتە بەر، ئەو کاتەش مانای ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی نییە بەرانبەر بە هەڵبژاردن بەڵکو سیاسەتی کۆمۆنیستیە لە قۆناغیکی دیاریکراودا کە دەیەوێت، سوود لە هەلومەرجێک ببینێت کە کۆمەڵگە کەشی سیاسی تیادا چۆتە پێشەوە. ئەو سیاسەتە پەیوەندی بە هەلومەرجەکەوە هەیە، لە کاتێکی دیاریکراو و وڵاتێکی دیاریکراودا، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی نییە بەرانبەر بە هەڵبژاردنی بورجوازی. کۆمۆنیزمی مارکس یەک ئەڵتەرناتیڤی هەیە ئەویش ڕووخاندنی سیستمی بورجوازی و هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتە. چونکە باسی هەڵبژاردن باسی دەسەڵات و ئاڵوگۆڕە لە دەسەڵاتدا، لە کاتێکدا کە دەسەڵات مسۆگەر کراوە بۆ چینی بورجوازی، ئەگەر نا، هەڵبژاردن نابێت.

> **کۆمۆنیزمی مارکس یەك ئەڵتەرناتیڤی هەیە ئەویش ڕووخاندنی سیستمی بورجوازی و هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتە ...**

کۆمۆنیزم کە پێش هەڵبژاردن وەک هێزی چینایەتی بوونی نەبێت، ئیتر چۆن دەکرێت لەکاتی کەمپینی هەڵبژاردندا، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەبێت. ڕۆڵەکە پێویستە پێش هەڵبژاردن بەرجەستە بێت لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا وەک هێزێکی پرۆلیتاری جەماوەری.

**١٠ی ئاب ٢٠٢١**

> **سەردەمی ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بێمافی ڕاستەقینەی خەڵك و ڕووکەشی بوونی بەشداری ئەوانی لە مەسەلەی حوکمڕانی لە نیزامە دیموکراسیە لیبراڵی و پەرلەمانیەکاندا نیشانداوە. کۆمەڵگایەك کە بیەوێت بەشداری کۆمەڵانی بەرینی خەڵك لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی دابمەزرێ...**

## درێژەی....ڕێکخراوبوون تاکە ڕێگەی کۆمەڵگەیەکی باشترە..

دەبوێرێت لەچارەسەرە بنەرەتییەکان. بەردەوام دەیەوێت کەرتەکانی گشتی تووشی شەلەل بکات هەتاوەکو لەدواجار هاوڵاتی ناچار بکات هانا بۆ کەرتەکانی تایبەتی بازرگانی بەرێت. هەموولایەک باش دەزانێت کە دابەشکردنی ئاو بەتانکەر ناتوانێت چارەسەری بنەڕەتی بکات دواجار خەڵک بێ ئاو دەکرێتەوە. کەوایە هێنانی ئەم ئاوەی نەوەی نوێ ڕاستە لەڕووی شێوازەوە خەڵک بەکاتی سوودمەند بووە، بەڵام دواجار ئەوە دەسەڵاتە قازانجی گەورەی کرد لەڕێگای نەوەی نوێ وە، چونکە نارەزایەتییەکانی خەڵک بەم جۆرە خامۆش کرا. لەچەند گەرەکێک بەکاتی کێشەی بێ ئاوی چارەسەر کرا، بەڵام لەچەندین گەرەک و شوێنی تر کێشە بێ ئاوی سەر هەڵدەداتەوە. لەشاری سلێمانی و دەهۆک وئاکرێ و ڕانیە وگەرمیانیش چەندەها کێشەوگرفت هەیە. نەوی نوێ هەمان کاری کرد لەشاری سلێمانی لەکاتێکدا کرێکارانی ژینگەپارێز بەهۆی نەدانی کرێی کارکردنیانەوە مانیان گرتبوو، نەوەی نوێ هەستا چەندین کرێکاری برد ئەو شوێنانەی پاککردەوە، کەوایە هەستا نارەزایەتی کرێکارانی بەرەو شکست برد، چونکە کاریگەری نارەزایەتییەکانی کرێکارانی کەم کردەوە لەم هەنگاوی نەوەی نوێدا زیاتر خزمەتی دەسەڵات وکۆمپانیای سەرمایەدارەکانی کرد کە کرێکارانی مانگرتوو تێدا کاریان دەکرد. هەربۆیە نەوەی نوێ بزووتنەوەیەکە زیاتر کارو هەڵسوڕانی دەچێتە خزمەتی گەشەی سیاسەتی نیولیبرالیزمەوە لەڕوویی ئابوورییەوە، کە دواجار هەمان سیاسەت و سیستەمە کەئەم جۆرە سیستەم ودەسەڵاتە چەوسێنەرەی کوردستان هەیەتی وکارەکانی نەوەی نوێ دەچێتە خزمەت و سوودی هەمان دەسەڵات و حکومەتی یەکێتی و پارتی بارزانی و تاڵەبانی. ئەوەی لەئێستا نەوەی نوێ دەیکات وپێشتریش بەناو ئۆپۆزیسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامی دەیان کرد لەچەندین سالی ڕابووردودا یەکسانە بەکوشتنی نارەزایەتیەکانی خەڵکی وبەلارێدابردنی بۆبەرژەوەندییە سیاسی و حیزبی وشەخسییەکانی خۆیان لەدواجاریشدا گەورەترین خزمەت بەدەسەڵات لەهەرێم. ئەوەی ئێستا شاسوار دەیکات لەفرۆشتنی بەنزین بەنرخێکی هەرزان وبردنی ئاو بەتەنکەر بۆ هەولێرو پێشتریش کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاکی شاری سلێمانی بەفکری خۆی خزمەتکردنە بەخەڵک، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە کە کوشتنی ئاسۆی نارەزایەتییەکانی خەڵکە و هێورکردنەوەی فشارو تووڕەیەکانی خەڵکە وەک چارەسەرێکی کاتی و هێوورکەرەوە. ئەمەش بۆخۆی خزمەتێکی گەورەیە بەدەسەڵات و نەهێشتن وکپکردنەوەی نارەزایەتی و فشارەکانی خەڵکی یە لەسەر دەسەڵات بەمەش ترس و ئەرکی لەسەر دەسەڵات نەهێشتوەو لای بردوە بەم کردەوانەی نەوەی نوێ ڕێگر لەوەی نارەزایەتی و تووڕەیی و فشارەکانی خەڵکی بە ئاراستە سروشتی شۆڕشگێڕی وتەندروستەکەی خۆیدا بڕوات خەڵک خۆی سرووشتی لەبزووتنەوەی جەماوەری دا خۆی ڕێکخراوبکات.

٤/ بزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان هیواکان تێکدەشکێنن: بە لەدایک بوونی بزووتنەوەی گۆڕان، هێزی جوڵەی هیواکان بەرەو خامۆشکردن برد، چونکە زۆرێک لەخەڵک بەدروشم و نووسین و پڕوپاگەندە وتارەکانی ئەم بزووتنەوەیە فریوی خوارد، دواتر باشتر ئەم ڕازە چرۆیی تێکشکاندنی هیواکانی لەتێکشکاندنی نارەزایەتییەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١٢زیاتر ئەمە بەکرداری دەرکەوت بەهاوپەیمانیکردنی لەگەڵ ئیسلامییەکان واتە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی هەروەک ڕێوی ئاسا کادرو ڕابەرانی ئەم حیزبە بەناو ئۆپۆزیسیۆنانە چوونە ناو نارەزایەتییەکان و سەکۆکانی ئازادییان داگیر کرد مینبەری سەراکانیان بۆ بانگەشە دەست بەسەر کرد لەڕێگای چەندین هەڵسوڕاوی خۆیان کە دواتر ئەمانەیان کردە نوێنەری لیستی هەڵبژێردراوی پەرلەمان، خەڵک زۆر بەسادەیی فریوی ئەمانەی خواردو دەنگی پێدان دواتر ئەوانەی لەسەرای ئازادییەکان دەمیان گەرم بوو بوون بەئەندام پەرلەمان و وەزیر کەچی هیچ یەکێک لەخواست و داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی ١٧ی شوبات جێبەجێ نەکران تەنانەت بکوژانی خۆپیشاندەرانیش کەس پێ نەگوتن پشتی چاوتان برۆیە، هەرئەمەش بووە هۆکارێک کە گەنجان و خەڵکی بێ هیوا کرد و ئیرادەی شۆڕشگێریان خامۆشکرا ئەم هەنگاوەی بزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان گەورەترین خزمەتی بە سیاسەتی ئیدارەدانی پارتی ویەکێتی کرد. دەرئەنجام بۆ ئێستا و داهاتوو ئەرکی خەڵکی نارازی ئەوەیە کە هاوشانی یەکێتی و پارتی ئەمانەش واتە ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕیسواو شەرمەزاربکات. بۆئەوەی هەرچی پۆخەڵەواتی هەیە لەبەردەم بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆی لای بەرێت. تەنها گرینگی بە بزووتنەوەی جەماوەری بدرێت بۆڕامالێن و ڕووخانی دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەر لەکوردستان.

* ئەرکە پێویستەکە ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانە:

هەمیشە لەهەموو سەردەمێکدا خۆڕێکخستن پارسەنگی هێزی دروستکردووە لەگەڵ دەسەڵات، یەکخستنی نارەزایەتییەکان کە کۆکردنەوەی ئامانجەکان بەئاراستەیەکی هاوبەش تاکە ڕێگای ڕزگاری چەوساوەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە. هەر دەرفەتێک هەبوو بۆخستنە ڕوویی نارازیەتی و بەرزکردنەوەی داواکارییە ئینسانی و خواستە هەنووکەیی و هەمیشەییە ڕەواکان ناکرێت لەدەست بدرێت، بۆیە بەردەوام پێویستە بەشداربین بۆئەوەی کۆمەڵگەیەکی نوێترو باشتر بەدی بهێنین، هەمیشە سوود لە هەڵە وکەموکورییەکانی جۆری نارەزایەتییەکانیش وەربگیرێت، بۆ ئەوەی جار لە دوایی جاریتر بەگەشەو یەکگرتوویی و تێکۆشانی چالاکتری هاوپشتی بینەوە مەیدانی تێکۆشان لە پێناو سەرکەوتنی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکاندا، لەدواجاردا هەر هێزی چەوساوەکان سەرکەوتوو دەبێت دەسەڵات و کۆمەڵگەیی کوردستان دەکەوێتە دەستی خەڵک لەڕێگای شوراکانی خۆیانەوە کۆمەڵگە بەڕیوە دەبەن و کۆمەڵگە ئازاد وسەرفراز دەکەن. بۆپێشەوە هەنگاو بنێن بۆ ڕووخانی سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دزی بنەماڵە. داواکاری وخواستەکانی خەڵک ڕەوایە بەڵام بەهۆی ئەوەی دەسەڵات لەبەرژەوەدی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدایە بۆیە بەلایەوە گرینگ نییە کە خواستەکانی خەڵک ڕەوایە و خەڵک کێشەی چییە چۆنە؟ لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی هێزی نارازی خەڵک نەبۆتە هێزی ڕێکخراو کە خواستە چینایەتییەکانی خۆی بەگرینگ بزانێت و تێکۆشانی بۆ بکات. هەربۆیە بەم جۆرە بێ ترس و بێ مەنەتە، بەڵام ئەم هەنگاو بە هەنگاو هێزی نارازی خەڵک بەجۆرێک خۆی ڕێکخراو دەکات بەسروشتی کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە ملهوڕو چەوسێنەرە دەردەهێنێت. سەرکەوتووبێت تێکۆشانی یەکگرتووانەی خەڵکی نارازی کوردستان بۆ هێنانەدی مافەکانیان.

## درێژەی دوا وتە

یەکێتیەکەی مام!! ئیستا بۆتە ئامرازی دەستی کوڕانی بنەماڵەو ئامۆزاکانیان. لەو نێوەدا لەشکرێکی فراوان لە جەماوەر و لایەنگرانی یەکێتی بوونەتە قوربانی دەستی ئەم سەرۆکە مافیایانە و بۆیان پرسیارە، ئەگەر کەسی یەکەم و دووەمی حزبەکەیان ڕۆڵی مافیایی بگێرن، دەبێ چ چاوەڕوانیەکیان لەکادرەکانی خوارتر هەبێت؟

چاکسازییەکەی کوڕانی تاڵەبانی، کە لە هەشتی تەموزدا دوای دەستبەسەراگرتنی دەزگا میدیاییەکانی هاوسەرۆک و کەسی یەکەمی حزب گۆرینی بەرپرسی دەزگای زانیاری و دژە تیرۆر لەرێگای زۆری هێز و جوڵاندنی هێز لەشەویکی ئەنوگوستەچاودا بە بازدان بەسەر ئۆرگانە حزبیەکاندا، دەستیان بۆبرد، نەک هەر کردەوەیەکی مافیاییە، بەڵکو هاوکات گەورەترین سوکایەتی بوو بەبنەما ریکخراوەیەکان و ئۆرگانە هەمەچەشنە حزبییەکان، و لەپیش هەموشیانەوە بێئابروکردنی مەکتەبی سیاسی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی باڵای پاراستنی بەرژەوەندیەکانی یەکێتی!! بوو. دەستبردن بۆ چاکسازی ریک دوای چەک کردنی بەشێکی زۆر لە تواناییەکانی هاوسەرۆکی ئامۆزاو دانانی دەیان بازگە لەژێر ناوی ڕیگەگرتن لە چەکی بێ مۆڵەت و سەیارەی جام ڕەش و گرتن و دەرکردن و نان بڕینی لایەنگرانی لاهور شیخ جەنگی و تا رادەی قومیشکردنی دادگایەکی خەوێنراو... هەموویان کاری مافیایین لەناو باڵەخانەی رێکخراوەیی یەکێتیدا. ئەگەر بریار بێت چاکسازییەک بکرێت، دەبوو بافڵ تاڵەبانی و هاوکارەکانی وەکو تۆمەتباری سەرەکی رادەستی دادگا بکرێن، بەڵام هەی هوو کوا داواکاری گشتی و کوا دادگا؟...

لەبەرامبەردا نمایش و ئاژیتاسیۆنی لاهور شیخ جەنگی و کۆکردنەوەی لایەنگرە چەکدارەکانی لەبەردەم ماڵەکەی و هەرەشە ئەوەی کە دەیان بەڵگەی لەسەر تاوان و کارە قێزەونەکانی ئامۆزای هاوسەرۆکی لەبەردەستدایە تا دەگاتە ئەوەی کە بانگەشەی نەرم نواندنی بکات و پەنا بە ڕیکارە حزبیی و یاساییەکان ببات، هەڵویستیکی مەکیافیلی و پۆپۆلیستی ئاشکرا و مانۆرێکی ڕوونە کە بەگۆرانی هاوسەنگی هێز بەزیانی خۆی ناچارە پەنای بۆببات. لاهور جەنگی، کە خۆی چەندین ساڵ بەرپرسی دەزگای دژە تیرۆر بووە، بەپێی بەڵگە راگەیاندراوەکان، ئەم دەزگایە دەستی لە رفاندن و تاوانی کوشتن و هاوکات لە سەرانە سەندن و بازرگانی کردن و دەست تیکەڵکردن لەگەڵ حەشدی شەعبی و چاوساغی و خۆشخزمەتی بە ئیران و هاوکارەکانی هەیە، هیشتا لێدوانی ئاراس شیخ جەنگی لەبەردەستە کە باسی بێ رۆڵی پیشمەرگەو دەزگای دژە تیرۆر دەکات لەشەری دژی داعش کە دەڵی " ئەمریکا بە تەیارە داعشی تێک دەشکاندن و ئێمەش سێڵفیمان دەگرت" یان " لەبەرامبەر بە گەڕانەوەی سوپاو حەشدی شەعبی بۆ کەرکوک و ناوچە جێ ناکۆکەکان، باسی لە ئارامی و هیچ روونەدان دەکرد و بانگەوازی خەڵکی دەکرد بچین لە گازینۆکان "دۆمینە" بکەن... لە ئیستادا ئەو قارەمانە دیار نییە لە کوێی ئارام دا، خەریکی دۆمینەکردنە.

بەکورتی، بافڵ و هاوکارەکانی... بە دان پیانانی خۆیان جگە لە کۆمەڵیک مافیا، کە بەکەڵک وەرگرتن لە پێگەی جەلال تاڵەبانی لەناو یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتیدا و لەڕیگای دەستبەسەراگرتنی چەک و داهاتی یەکێتی و خۆ هەڵواسین بە جەماوەر و لایەنگرانی یەکێتی... زیاتر هیچی تر نین و کۆمەڵیک مافیا و دزی ئاشکران و سامان و سەروەتەکەیان و بۆندە بازرگانیەکانیان، گەواهی ئەو راستیانەن و بافڵ تاڵەبانی هاوکارەکانی، چەندەش سەرکردایەتی حزبەکەیان بێدەنگەی ئابڕوبەرانە بۆخۆیان درێژە پێبدەن، ناتوانن خەڵکی کوردستان فریوی بانگەشە ساختەکارانەو مافیایان لەژێر ناوی چاکسازی و نوێبوونەوەی یەکێتیدا بکات. ئاخر یەکەم هەنگاوی چاکسازی بە پاکسازی ناوخۆیی و کارێ شەقاوەچیتی و ژێرپێخستنی ئۆرگانە حزبیەکان و بریارەکانی دەست پێبکات، ئاشکرایە کە رووی ئەم رەوتە روو لە شکست و ریسواییە و دەوڵەمەندکردنی کارنامەی تاوانکارانەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە، لە میژووی هاوچەرخدا.

لاهورو هاوکارەکانیشی کە توانایی چەک و میدیاییان دەستی بەسەردا گیراوە و تا ڕادەیەکی زۆریش پەڕو باڵیان کراوە، هاوسەنگی هێز بەزیانیان شکاوەتەوە، ناتوانن لەبەرامبەر بەرەوتی بنەماڵەی تاڵەبانیدا پێگەی پیشویان بەدەست بهێنەوەو ببنەوە بە لایەنێکی بریاردەر لە ناو یەکێتیدا. هەروەها هاش و هوشی ئەنتی پارتی بوون بەبێ ئەوە ئەلگۆیەکی نوێ و جیاواز و باشترت نیشان دابێت، بەشوێنێک ناگات. جەماوەری لەخوارەوەی یەکێتیش، وەکو بەشێکی بەرین لە جەماوەری کوردستان چاویان لەکردەوە و دەستکەوت و رادەی بەرینبوونەوەی ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکانە... نەک هات و هاوار. گرتنە بەری ریگەی نەرم، لەگەڵ دەسەڵاتی مافیایی و رەقدا، خۆکوژییە. گرتنە بەری ڕیگای دادگا، کاتێک دادگا بەکردەوە هیچ کارەو ئەڵقەلەگۆی هێزە دەسترۆشتوەکانە، دەستگرتنە بە تاڵە پوشێکەوە. چاوەڕوانی لەوەی حزب رێکاری پەیرەوی ناوخۆ بگریتەبەر و رێ شوێنی حزبی بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی بنەماڵە پەیڕەو بکات، لە کاتێکدا ئەو حزبە و ئۆرگانەکانی لەبەرامبەر سەرۆکی مافیایی باڵادەستی حزبیدا، مێشیش میوانیان نییەو قڕو قەپیان لێکردووە، ناحاڵی بوونە لەدەسەڵاتی میلێشیایی و نەریتی پاوانخوازی بنەماڵەیی. دیارە ئەگەر لاهورو هاوکارەکانی هێزی دژە تیرۆر و زانیاریان لەدەست دەرنەهێنرابا، هێندە مویان بۆ نەرمی نواندن و ریگایی یاسایی و ملدان بە ڕیوشوێنە ریکخراوە حزبیەکان نەرم نەدەبوو... ئەو نەریتەی لاهور پشتی پێ بەستووە بۆ هەڵسانەوەی خۆی و هاوکارەکانی، دیبلۆماسیەتێکی بێ ئاکامە، چونکە پشتی بەهێز و توانایی هیچ پرۆژەیەکی سیاسی هەمەگیر نەبەستووە کە جەماوەرێکی فراوان بە هی خۆیانی بزانن.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان و لەشکری فراوانی جەماوەری یەکیتی نابێت هیچ خۆشباوەڕیەکیان بە هیچ کام لەبانگەشەکان بەرەی بنەماڵەی تاڵەبانی و بەرەی لاهور جەنگی هەبێت... بەتاییەتی کە کێشەی نێوانیان دورو نزیک پەیوەندی بە هیچ ماف و خواست و داواکارییەکی خەڵکی کوردستانەوە نییە و بەرۆشنی بۆ هەموو لایەک دیارە کە کێشە لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی یەکێتییە... ئەوانەی دەڵێن کێشەی نیوان بافڵ و لاهور کیشەی سیاسییە، زۆر چاک دەزانن درۆیەکی شاخدار دەکەن... بێگومان شەرمیش لە درۆ ناکەن و ئولفەتیان پێوەی گرتووە...

**ناوەراستی ئابی ٢٠٢١**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

سالار حەمە سەعید، ئاراس رەشید، عبدالرحمن رەسوڵ، عەبدوڵا مەحمود، هیوا سالّح، کاوان قادر، جەمال نوری، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، هەتاو عەبدوڵاهی، حەکیم میرزا...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق "

# دوای پێنج ساڵ بەسەر تیرۆکردنی وەدات حسێن دا، بکوژانی ئاشکرا نەکراون!!

١٣ ئابی ٢٠١٦ رۆژنامەنووس وەدات حسێن لە ناوجەرگەی شاری دهۆکدا، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە، ڕفێنراو پاشان بەبرینێکی سەختەوە لەسەر رێگای سومێل–دهۆک جەستەی زامدارو لەخوێن هەڵکێشراوی دۆزرایەوە، پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

١٣ ئەم مانگە پێنج ساڵ بەسەر ئەم کردەوە تیرۆریسیەدا تێپەربوو، کەچی تا ئێستا بکوژ و نەخشەدارێژەری ئەم رفاندن و تیرۆکردنە، وەکو باقی تیرۆرەکانی تری رۆژنامەنووسان، ئاشکرا نەبووە.

دوا پێنج ساڵ لە تیرۆری رۆژنامەنووس وەدات حسێن، دەزگاکانی حکومەت!! و دەسەڵات، نە سەرەداوێکی ئەم تیرۆرەو نە تاوانبارێکی ئاشکرا نەکردووە، لەکاتێکدا هەر ئەو دەزگایانە بۆ سەرکوتی رابەرانی جەماوەری و خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی نەیارانی دەسەڵاتیان، چاوتیژ و تیژڕەون و لەماوەیەکی کەمدا روداو و دۆسیەی زۆر ئاڵۆز لە ریگای دەزگا و جاسوسیەکان و پیاوە نۆکەرەکانیانەوە، ئاشکرا دەکەن و دەدۆزنەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە خودی دەسەڵات ئاگاداری ئەم پیلانە چەپەڵەی تیرۆرەو لەژێر باڵی ئەوان بەدەستی خۆیان یان بەئاگاداری ئەوان، ئەنجام دراوە. بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات و ئەو هێزانەش کە بانگەشەی بەرگری لە ئازادی و رۆژنامەنووسان دەکەن و لەهەموو شارەکانی




کوردستاندا بوونیان هەیەو دەتوانن کاری دۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆمەتباران ئەنجام بدەن، بێدەنگەیان هەڵبژاردووەو ئامادەنین، بەکردەوە خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بە ئازادی و ئازادی کاری رۆژنامەگەرییەوە هەیە. ئەوەی دەنگی نەفرەت و تورەیی بەرووی ئەم پلانەدا بەرزکردۆتەوە یان خەریکی ئیدانەو چالاکی و بەدواداچوونە، ژمارەیەکی کەم رێکخراوەی مەدەنی دەست کورت و ژمارەیەک رۆژنامەنووسی ویژدان زیندووی نەکڕدراو کەڕ نەکراون و کوێرنەکراون. دۆسیەی وەداد و تەواوی رۆژنامەنووس و هەڵسوراوانی سیاسی و ئازادی و قوربانیانی، دۆسیەکی کراوەیەو تا سەر دیزە بەدرەخۆنە ناکرێن و ناشاردرێنەوە، رۆژێک دێت، تۆمەتباران و نەخشە دارێژەرانی پشتیان، توشی لێپێچینەوەی عەدالەتخوازی بکرێن، ئەم رۆژە هەر دێت.

دوا وتە

# کاتێک سەرۆکەکان مافیان!

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود


بەپێی لێدوانی بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی... هەر دووکیان دوو مافیان. ئاخر سەرانەسەندن، داڵدەدانی تاوانباران، رفاندن، قاچاخچێتی، بازرگانی هینانی موادی بەسەرچوو، ساختەکاری ناسنامە، ژەهر خوارد!! کردن، بوونی هێزی چەکداری تایبەت، جاسوسیکردن، پێشلەشکری، دەرکردنی خەڵک لە وڵاتی خۆی... هەموویان کاری مافیایی و گروپە مافیایەکانن.



دیارە کەم هەڵدەکەوێت مافیاکان، خۆیان کەسی یەکەم و دووەمی حزبێکی خاوەن دەسەڵاتێکی دیاریکراو بن. دەشێت سەرۆکی حزبەکان هاوکاری مافیاکان بکەن، پشتیوانیان بن و کەڵک لە هونەری کاری مافیایان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەربگرن، بەڵام ئەوەی کەخۆیان مافیا بن و لە زمانی خۆیانەوە دان بنێن بە کاری مافیاییدا... حاڵەتی ناوازە و دەگمەنە.

بەو پێوانەیە کە هەریەکە لە بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی ئامۆزا!! وەکو کەسی یەکەم و دووەمی یەکێتی نیشتیمانی، دان بە کردەوەی مافیایی یەکتریدا دەنێن و یەکتری پێ تۆمەتبار دەکەن، بەهەمان ئەو پێوانەیە ئەوە بە کۆمەڵگە و ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش رادەگەیەنن، کە حزبەکەیان حزبێکی مافیاییەو سەرۆکەکانی وەکو کەسی یەکەم و دووەم سەرە گەورەی مافیاکانن. دیارە هێشتا تەنها بەشێکی زۆرکەمیان لەسەر یەکتری وتووەو فایلە شارەوەکانی دەیان ساڵەی دەزگای زانیاری و دژە تیرۆر و کردەوەکانیان، لە تاریکیدان و خۆ ئەگەر هەموو فایلەکان و دۆسیەکان و کارنامەکانیان بخرێتە ڕوو، ئەو کاتە ئاشکرا دەبێت کۆمەڵگە چۆن بۆتە نێچیری ئەو دەزگا و سەرۆکانە. دیارە هێشتا بەهۆی رەقی و ترس لەهەردوو هاوسەرۆک و سەرۆکەکان دەرفەتی هاتنە دەنگی ئەو کەسانە نییە کە پەردە لەسەر ئەو تاوانکاریانە هەڵبدەنەوە کە بەرامبەریان کراوە. لەناوخۆی یەکێتیشدا بەشێک لە مافیا بچۆلەترەکان، یان هاوکاری سەرۆکە مافیاکان، لەلایەکەوە بەهۆی ترس و لەلایەکی تریشەوە بە تێوەگلانیان لە کردەوە تیرۆریستەکان و هاوکاتیش بەهۆی بەسترانەوەی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ یەکێک لە هاوسەرۆکەکان، بێدەنگن. ئەوە بەجیا لەوەی ژمارەکیشیان لە دۆخی چاوەڕوانیدان. هۆکاری بێدەنگی دەیان و سەدان سەرکردەو کادر و دەیان ئۆرگانی یەکێتی لەبەرامبەر بە هاوسەرۆکەکان و ئەو دۆخەی یەکێتی تێی کەوتووە، نیشانەیەکی ئاشکرایە کە حزبێک و پیوانەیەکی حزبی و ریکخراوەیی لە ئاست زۆری هێزو کەللەشەقی ئامۆزاکاندا، توانایی هیچی نییەو حزب و

بۆ لاپەڕە 11




بەرهەمی نوێی هونەرمەند هیوا سالّح